بنکەی هیوا بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە
٦١

پەخشانە شیعر

# هەناسك و هیوا

نووسینی
م. غەریب پێنجوێنی

٢٠١٣ ز چاپی یەکەم ١٤٣٤ ك

ناوی کتێب: هەنسک و هیوا
بابەت: پەخشانە شیعر
نووسینی: م. غەریب پێنجوێنی
دیزاین: جەمال دەروێش
تیراژ: ٢٠٠٠ دانە
ژمارەی سپاردن: ١٥٨٤ی ٢٠١٣
چاپخانەی:
چاپی یەکەم - کوردستان - سلێمانی
ساڵی چاپ: ٢٠١٣ ز ١٤٢٤ ك

CamScanner

# پێڕست


دەسپێك ........................ ٥
گەشتی بەهاری ........................ ٧
جەژن دەڵێ ........................ ٩
ماڵ شانۆیەو تۆ ئەکتەری ............ ١١
خوشکی ئێوەم بمناسنەوە ............ ١٤
یەك کوردستان یەك پایتەخت ...... ١٨
بەهەشت بکرە فریاکەوە ............ ٢٣
دەنگێك لە ناخمدا دەڵێت ............ ٢٦
هی تۆیەو بەس ........................ ٢٩
بەرەو تەوحید دەشنێتەوە ............ ٣١
بارانمان بۆ دابارینە ............ ٣٤
ڕۆژێك دادێ ........................ ٣٦
مەیلی ناو ئازیزانەکەم ............ ٣٩
هەیهو ئێمە بەجێماوین ............ ٤٢
شارێك وا لەناو شارێکا ............ ٤٤
مەرگ بە ئاماژە دەڵێت ............ ٤٧
دەرمانی ڕۆح نەکو جەستە ............ ٥١
بە گوێزمان زانی گزگل بوو ............ ٥٣
بۆ تۆ ناشێ تۆ ڕابەری ............ ٥٥
لە لای پێڵاوەکانتە ............ ٥٨
توانیت دایکە پێغەمبەر بی ............ ٦٠
کە دایکم مرد ........................ ٦٣
سڵاو گەورە کوڕی ئادەم ............ ٧٠
ئەی سەرداری پێغەمبەران ............ ٧٤
دڵ و ڕۆحمان وابەستەتە ............ ٧٦
هەتا سەرخەوێکمان شکاند ............ ٨٠
بە دوعای ڕوت هیچ ناکرێ ............ ٨٤
سڵاو بەسەرتا بێتە خوار ............ ٨٧
پێغەمبەری هەمووانی ............ ٩١
وەرن بچین بەرەو پیری ............ ٩٤
ئەی ماهی نور ........................ ٩٧


بسم الله الرحمن الرحيم

# دەسپێك

وەکو چۆن شوان، هاوڕێی شمشاڵ و گۆچانە... کە ئاڵودەی باعەی مەڕو لەوەڕگای پێدەشتەکانە... ئێوارە دەگەڕێتەوە... چەپکێ هەڵەکۆك بە دیاری بۆ ئاوایی دێنێتەوە... ئەوا منیش چەپکێ پەخشانەشیعری نوێم بۆ هێناون... لەسەر سفرەی ئەم هەوارە، وەك ژەمەخوانێکی نایاب بۆم داناون...

مادەم بەرهەمی کوێستانی قانیع و موفتی پێنجوێن بێ... هیوام وایە خەمڕەوێن بێ و شادیهێن بێ... پەیڤەکانی ساناو لاو بن... پرچی پرشنگی هەتاو بن... وەکو ئاو بن... گەروی ئێوەی ئازیزانی پێ پاراو بن... ڕوناکی بیلبیلەی چاو بن... تەمو مژو دوکەڵ نەبن... قەیدو پێچو مەتەڵ نەبن... زبرو گرێوگۆتەڵ نەبن... دۆستان بشنێنەوە بۆیان... دڵشادبن بە ڕەنگو بۆیان... لیتەی خەمو کەسەر ڕادەن... کۆسپی ڕێگای ئێوە لادەن...

خودای مەزن: وەك جوتیارێ وەردی ئەم پەڕانەم کێڵا... وا تۆوی وشەم تیا چاندو بە جێم هێڵا... ئومێدم بە میهری تۆیە ئەم تۆوانە بڕوێن و لە خاك بێنە دەر... وەچ بکەن و ببن بە سەدان گوڵ و بەر... هەروەك شەماڵێ هەڵبکەن،،، وا دڵی دۆستان تەڵ بکەن... دەغڵی ئومێد لە خەرمانی ئازیزانا تەپەڵ بکەن...

ئیتر ئەگەر دۆستانیش ئافەرین بکەن... بە تاسەوە سەریان بادەن... کەشوهەوای دەرونی من هیچ تێك نادەن... هەرگیز لە خۆم بایی نابم... فێری ڕوپامایی نابم... تەنیا شانازیم ئەوەیە... وانەو پەند بن... بۆ ملی ڕێبوارانی ڕێ گەردنبەند بن... شیرین وەك هەنگوین و قەند بن... سەرەنجامیش قبوڵی لای خوداوەند بن.



CamScanner

# گەشتی بەهاریی

ستایش بۆ پەروەردگار... کە ویستی (کن فیکون)ی دەخاتە کار... چۆڵەوانی دەکا بە شار... گوڵ دەردێنێ لە چوزی خار... دەنکەتۆوێ دەکا بە دار... سروشت دەکاتە نەوبەهار...

ئەوا لە دوای وەرزی خەزان... کە ڕوتەڵ بوون باخ و ڕەزان... دوای ئەو سەرمای جەستەی تەزان... گژوگیاو دار... کانی و ڕوبار... خشۆك باڵدار... بۆ زەماوەندی بەهاریی... بۆن و بەرامەو جوانیان کردە دیاری...

تا لە ناو ئەم ئاهەنگەدا... لەم وەرزە ڕەنگاوڕەنگەدا...لە دووتوێی ئەم فەرهەنگەدا...لادێوشاری، پاشاو گەدا... بچینە سەیران و گەشتێ...لە بنارو لە پێدەشتێ... بە چاوی دڵ تێر بنۆڕین... توێژاڵی سەر ڕۆحی ماندومان بگۆڕین...

کە پەردەی زستان لادرا... کە بە بارانی بەهاریی خاك ئاودرا... گورزەی زۆری تیشکی خۆری بۆ تاودرا... سوپای بەفر پشتی چەما... سەرما نەما... ماسی ڕێچکەی گرت لە چەما...چیا دەرهات لە ناو تەما...دایانپۆشی (هەڵزو مەنێو لوشەو کەما) گیاندار کەوتنە قونەو سەما... ڕەنگاوڕەنگو گەورەو بچوك... زیتەڵەو سوك... وەکو هەلوك... گیزو ویزو جوك و جروك... لەملا سمکۆڵ... لەولا چینەی قاچ و دەنوك... گوڵی ئاڵ وەکو تارای بوك... بویە چەتری سەر بلاڵوك...

کـــە نەرمە باران دەبارێ... دڵۆپی ئاو لە ســـەر لێوی پەڕەی گوڵ دەگیرسێتەوە... بە نازەوە دەخنێتەوە... هەور دەڕواو خۆر دێتەوە... گەڵای تەڕ دەبریســـکێتەوە... کزەی شەماڵێ هەڵدەکا... شۆڕەبی بۆی دەشنێتەوە...

ئەم پێشـــانگا پڕ تابلۆیە... فڕکەفڕك و هاتوچۆیە... فەرمانێکە لە پاشـــاوە...پەڕاوێکە دێتە نوسین.. پیتەکانی بە لێشاوە... چرۆی گەڵا کە گەشـــاوە... بـــۆی بڕوانە چۆن نەخشـــاوە... کام ئەندازیار ئەو هێڵانەی تیا کێشـــاوە؟... گیا بۆتە ڕایەخی سەوزو چڵێکی لێ نەلەخشاوە...

لە دوای ئەو ســـەرماو کڕێوە... هەرچی دەشـــتە... هەرچی کێوە... هەمووی خەندەی لەســـەر لێوە... پەیامێکە لەبۆ ئێمەو لە بۆ ئێوە... مـــرۆڤ ســـەر دەباو دەهێنـــێ... دەیهەژێنـــێ... پێی دەڵێـــن: (وەرزی بەهاریـــن... چنراوێکی پـــڕ نیگارین...زەماوەندی گوڵ و دارین...وێوڵ و پەڵـــك و چنارین... هەمەڕەنگین... هەزار بارین... چراخانی هەزار شارین... پێشـــوازیکەری گەشـــتیارین... هەروەك بەهارەکەی پارین... نەخشـــاوی پەروەردگارین...) پێمانِ دەڵێن: (هاتینەوە... ئێوەش وەك ئێمە دێنـــەوە... «نُعیدُکم...نُخْرِجُکُمْ» دوای بەرزەخی زســـتانیتان... بەهارتان دێ و دەردێنەوە... ئێوەش دێنە ئەم ئەلبومە پڕ وێنەوە...

دەی یـــاران بێن بـــە بێداریی... بۆ گەشـــتی وەرزی بەهاریی... بۆ بینینی ســـەوزەواری... بۆ قەرســـیل و لەنجەولاری... ئاســـك و کەروێشـــکی بنـــاری... بۆ قومری و قاژوو کەنـــاری... تا بزانن ئەو خودایە... چەند زانایە... چەند دانایە...بە دەســـتەڵات و تونایە... شـــایانی حەمدو ســـەنایە... ئەوەی ئـــەو زاتە نەناســـێ... خەڵکی بەهەشتی شار نیە... چاوی دڵی لە کار نیە... دۆستی وەرزی بەهار نیە... تێناگا ئەم حەشرگایە... هێمای قەراغی ڕێگایە...



# جەژن دەڵێ

جەژنە جەژنە دیسانەوە... خۆشی خستە ناومانەوە... شارو دێ خۆی ڕازانەوە... یاران هەورو باران سڵاو... دەیبارێنێ بۆنی گوڵاو...

جەژن ڕۆژێکی تازەیە... لە تەمەندا دانسقەیەو... لە خۆشیدا ناوازەیە...جوانیەکەی بێ ئەندازەیە...

جەژن خەڵاتە دیاریە...زایەڵەی (الله اکبر) بەستەی سوپاسگوزاریە... گسك دەری بێزاریە... ئاهەنگێکی ئیمانیە... لە بازاڕی برایدا خەندەو سڵاو هەرزانیە... وێنەی نیە... کەس جەژنی وەك ئێمەی نیە... یەك ڕیزیەو تەباییە... کەرنەڤاڵێکی شادیە... بە هەر لایەکدا دەڕوانی تەوقەو گەردنئازادیە...

ئێمە کاتێك جەژن دەکەین، ناوی (الله) شکۆدارو مەزن دەکەین... بە ئیمانەوە بە پیرزین... لە جەژنیشدا هەر بەڕێزین...سنوری خوا دەپارێزین...

جەژن دەڵێ بە خۆشەویستی دڵی یەك داگیر بکەن... هەڵەی یەکتر لە بیر بکەن... برابن... بۆ یەك چرا بن... دوور لە کێشەو لە هەرا بن...ئەگەر بێدارو بە هۆشن... ئەمڕۆ جەژنە، چاو لە ڕابردوو بپۆشن... شەڕ مەکرن و مەفرۆشن... پۆشاکی تەقوا بپۆشن... بۆ یەك ئامانج -کە بەهەشتە- تێبکۆشن...

بەڵێ گیانە... دوای ئەو مەشق و ڕاهێنانە... کە پڕ بوو لە پەندو وانە... ئەمڕۆ ئێمە جەژنمانە.... ئاهەنگە، شادی گێڕانە... گوڵبارانە... داهێنانە... پڕ لە وانەی بەرزو جوانە...

جەژنە جەژنی ئیمانیە... هەژار لە گەڵ دەوڵەمەنددا برابەشـــە... یەکســانیە... لــەم جەژنەدا ســەرفیترەو لەویان قۆچــی قوربانیە... جەژنی خەڵکی تر وانیە...

کە جەژن دێ، ڕوو لە گوندو لە شارەکا... نیشتمان بە بەهارەکا... خەم بارەکا... ڕێچکەی میوان وەکو ماســی تۆمارەکا... جا کێ لە کێ زویــر بــووەو نەفرەت لە نەفس و شــەیتانی غەددارەکا، بۆ ئاشــت بوونــەوە غارەکا... ئەوە گوناحی کارنامەی بــژارەکا... زامی دەروون ســاڕێژەکا... کۆشکی تەقوا لە ناو دڵدا دیوارەکا... لای خوا (دەرەجاتی عولا) تۆمارەکا...

جەژن بۆ خۆنەویســتیە... ئاشــتی فەرمانی خواییەو کرۆکی خوا پەرستیە...

جەژن هەڵە دەشواتەوە... گرێی کینە دەکاتەوە... کێ دڵی پاك ناکاتەوە، جوابی سڵاوی ئەم و ئەو ناداتەوە، هەر پیشی خۆی دەخواتەوە، پەڕەی کــۆن هەڵدەداتەوە، بیر لــە تۆڵە دەکاتەوە، ئەوە واوەیلا بە حاڵی... نە لە ئیسلام بووە حاڵی... نە جەژن دەچێتە ماڵی...

کەی بەڕۆژوین و حەج دەکەین... کەی بۆ خودا ملکەچ دەکەین... کەی لە گەڵ شەیتان جەنگ دەکەین... جەژنمانەو ئاهەنگ دەکەین... کــەی بە تەقــواو چاکەخوازی، خوا لە خۆمــان دەکەین ڕازی... کەی لــە پێــڕی هەژارانیــن... لــە ڕیــزی بڕوادارانین... خێرخــواز وەك نەرمەبارانیــن... کەی عەودالــی پێغەمبەریــن... دادپەروەرین... لە ستەمی ڕۆژگار بەرین... ئەوســا دڵ پڕ لە سۆزەکەین... پڕ بە چاوو دڵ و دەممان جەژنی یەکتر پیرۆزەکەین...



# ماڵ شانۆیەو تۆ ئەکتەری

وا لە بازنەی خێزانیدا دوو دڵ لە یەك هەڵپێکران... بۆ یەك ئامانج ئاشنا کران... برای برام... خاتو پەری... پیرۆز بێ ژینی هاوسەری... بە دوور بن لە زەنازەناو دەردیسەری...

عەقدی (مِیثاقا غَلیظاً) ئیوە واژۆتان کردووە... بۆ ئەم ئەرکە سەنگینەتان خۆتان ئامادە کردووە؟...

لە ئیسلامدا ژن و مێرد ناویان هاوسەرە... جا سەر بێ جەستە کەی سەرە؟... خێزان وەك باخ و دێبەرە... لە کاتێکدا بەختەوەرە، کە هەر یەك لەو دوو هاوسەرە... چاك و پاك و دین پەروەرە... باشترین ڕۆڵ دەگێڕێت و ماڵ شانۆیەو ئەو ئەکتەرە...

دەقی (فَالرَّجُل راعٍ) (وَالمَرأةُ راعیَةٌ) دەیسەلمێنێ ئێوە شوانن...

ئەبێ هەردوکتان دڵسـۆز بن... هەردوکتان پێکەوە جوانن... دەسـت مەدەنە کەمتەرخەمی... بەرپرسیارێتی بفامن...

شـەیتان ئێوە بە شەڕ دەدا... مرۆڤ دەبێ شەڕ نەکرێ... قسەیەك لە تۆ، یەکێك لە ئەو... کە کەوتنە شـانەخرێ... شـەڕێکی وا بەرپا دەبێ... وەکو ئاگر هەڵدەگرێ... ئیتر ئاسـودەیی خێزان وەکو مەلێك هەڵدەفرێ... پیاوەکە پیش دەخواتەوەو، ژن هەر فرمێسـك دەسڕێ... ژیانـی وا ژەقنەموتـە، خوا بیبڕێ... کۆشـك و تەلار چی لێ بکا کە خەم ناوجەرگی هەڵدڕێ... سـەد خۆزگەی بە ماڵە قوڕێ... بە لێفەو سیپاڵە شڕێ...

ماڵ ئەبێ دڵنیایی بێ... پڕ لە ڕێزو تەبایی بێ... دور لە کێشـەو دوو بڕیاری و جودایی بێ...

ئەمـڕۆ گـەورەی، وا نەزانی هەر منداڵی... کێ هـەر منداڵەکەی زوو بـێ، هاوار بـە ماڵ و بە حاڵی... خانم دانێ تۆ خانزادی... کاکە تۆش ڕۆسـتەمی زاڵی... ئەگەر توندە تەبیعەت بی... سـێوە ترشەی تفت و تاڵی... ئەگەر ئیصلاحی خۆت نەکەی، گیر بە دەست خۆتەوە دەخـۆی... ئەبـێ تا ئەمری بناڵـی... بە برژانگـی چاوەکانت ڕێ ی پەشیمانی بماڵی...

سنوری شەرع بزانن... خوا لە خۆتان مەڕەنجێنن... نوێژەکانتان لە کاتی خۆو بە جەماعەت بە جێ ێنن... ئیمان بۆ ماڵ وەك باخچەیە... باخچەی ئیمان بە بێ ئاوی مەژاکێنن... ڕازی بن بە بەشـی خودا... بەوەی هەیە بساچێنن... تەقوادار بن... بێ تەقوا ژین دەبێ بە ژان... باوکە ئادەم، دایکە حەوا... تەڵەکەی شەیتانیان تەقان... کە فەرمانی خوایان شکان، سزا دران... لە ناو بەهەشتا دەرکران...

بـرام تۆ هاوسـەری، پیاوی... تۆ سـەرۆکی ئـەو دەوڵەتەی ... بۆ ئاغایی دانەنراوی... بە فەرمانی (خَیرُکُمْ) ڕاسپێرراوی... لە قورئاندا

بە (فَإِمْسـاكٌ بِمَعْرُوف) هاندراوی... بۆ هاوسەرت نەك هەر باش بە، باشترین بە... گەنجینەی میهرو ئەوین بە... ڕو خۆش و زمان شیرین بە... ژن پیاوی مۆنی خۆش ناوێ... دەم بە خەندەو پێکەنین بە...

ئەو یاپراخەی لە بەردەمتا دانراوە... خانمەکەت ڕەنجی زۆری پێوە داوە... تێرت خوارد نۆشی گیانت بێ... بەڵام دەسخۆشیەکەی ماوە...

خوشـکی بەڕێـز ئەمانەتە ئەو هاوسـەرە... تۆ لـەماڵی، ئەو لە دەرە... بۆ بژێوی ئەو خێزانە سـەرقاڵ و فرە جەمسـەرە... کاتێ کە بۆ ماڵ دێتەوە... ئەیەوێ بحەسـێتەوە... نەك دڵی بشێوێتەوە... نەك بە نا شـکوری و بێزاریـت، وەکو برین بکولێتـەوە... چایەکەی بۆ نەخورێتەوە... بە ددانی سمێڵی خۆی بڕنێتەوە...

ئایا ئەزانی خوشـکەکەم... (ئەو پەپولەیە تۆ گوڵی... ئەو بولبول، تۆ پەل و چڵی... ئەو خوێنە، تۆ ترپەی دڵی...)

سەنگەر مەگرە لە هاوسەرت... ململانێ ی لە گەڵ مەکە... بیانوو مەگـرە... گێچەڵ مەکـە... چاکەی زۆرە دەرهەق بە تـۆ... کە تورە بـووی، ماش و برنج تێکەڵ مەکە... بیرت نەچێ تۆ هاوسـەری، تۆ دایکی... جاربەجارێ وەکو چرا دوکەڵ مەکە...

بچـۆرە ناو ماڵی دڵی... هەر لەوێ بە ماڵ بار مەکە... تۆ وەزیری ناوخۆی ئەوی... خوشکم خۆت بەرکەنار مەکە... چڕنوك لە دڵەکەی مەگـرە... دڵەکەی کۆڵەوار مەکە... لوت کردن و برو بیانو... هەرگیز ناشێ بۆ کەیبانو...

بە خۆشەویسـتی و بەزەیی... دڵ بۆ یەکتری ڕامەبێ... ئارامەبێ ژیانتان پڕ لە تامەبێ...

وەك دڵ تورمپای جەستەیە... کۆمەڵگاش بە خێزانەوە وابەستەیە... خێزان هۆشـیار بێ کۆمەڵگا بەختەوەرە... خۆ خوا نەکا نەخۆشیش بێ... گەڵ داماوو خاك بە سەرە...



# خوشکی ئێوەم بمناسنەوە

... کەنیشکێ بووم کە بە نازی باوك و دایکی خۆم گۆش کرام...
بە مندالّی، بە جل و بوکەڵەو بازن دڵخۆش کرام...

کە گەورە بووم و پێگەییم، شۆخ و شەرمن و دلگەرم... خولیای شــوکردن و خێزان کەوتە ســەرم... کاتێ خوازبێنی کرام و... ڕێی شــوکردن کەوتە بەرم و.. پۆشــاکی بوك کرا بەرم و.. گوێزرامەوە بۆ هاوســەرم، پێم وابوو کچی پاشام و تاجم کردۆتە سەر سەرم... ژیان زۆر شــیرین بوو لە لام... دنیایەکی بەکام، بەتام... زۆر تێی ڕامام... ماڵە خــەزور ڕێزیان لێنام... ماڵە بابم بۆ ماڵداری، پەیتا پەیتا هەڵیان دەنام... ڕۆژەکانم زوو تێپەرین... چوار ساڵ تەمەنی شــوکردن تەنها چەند ڕۆژێك بوون لــە لام... بوومە دایك، خوای

میهرەبان دوو کۆرپەی چاوگەشی پێدام... کە شیرەکەمیان چەکاندو هەڵزنان پیام... پەککو چەندە شیرین بوون لام...

لە سای هاوسەری ژینمدا، پێداویستی ناومالم بوو... لە مارەیی و پاشتێلانە گەردنبەندو خڕخالم بوو... لە ئینجانەدا چەند گوڵی ناوازەی سەوزو کالم بوو... هێندە بە مالم دلخۆش بووم، هەزار خەون و خەیالم بوو...

خێزانێکی بەختەوەر بووین... ژیانێکی خۆشمان هەبوو.. دوو هاوسەری یەك پەروەر بووین زەوق و شەوق و جۆشمان هەبوو... زیت و وریاو سەرلەدەر بووین... ڕەنج و کردو کۆشمان هەبوو... سەرێکی پڕ هۆشمان هەبوو... خەندەو عەیش و نۆشمان هەبوو.

کاتێ هاوسەرم دەبینی، کاتێ دەنگی ئەوم دەبیست، وای چەندە ئاسوودە دەبووم. پەککو چەندە خۆشم دەویست!!. من گوڵ، ئەو نەوبەهارم بوو.. من دڵ.. ئەو شادەمارم بوو... ئەو یارم بوو. هاوکارم بوو... مامۆستاو ڕاوێژکارم بوو... بۆ گرفتەکانی ژیان دلدەرەوەو دەسبارم بوو.. لەگەڵ ئەودا مەیلی دێنی و گەڕانی گوندو شارم بوو... بەلا یەکدا بە نازەوە ڕادەبوراین.. چاکەی یەکمان دەنرخاندو لە هەڵەی یەکتر دەبوراین.. بیرم نایە تەنیا شەوێك تا بەیانی دڵمان لە یەك زویر بووبێ... بڕواناکەم تەنیا ساتێ یەکترمان لەبیر نەبووبێ... ئەوەی وتم هەمووی وا بوو... بەڵام قەدەری خوا وابوو... هاوین هات و... بەهارەکەم زوو ئاوا بوو... مەرگ هات و هاوسەرەکەم لە ناکاوا لێ جودا بوو...

بەیانییەك نانی خواردو چایی نۆشی... قاتێکی ناوازەی پۆشی... لە ماڵ دەرچوو، بە دڵخۆشی.. بەبێ ئازار... بێ نەخۆشی... هێندەی نەبرد... بە ڕوداوێك کاری کرا.. بە بای ئەجەل گوڵی تەمەنی هەڵوەرا... وای لەو هەواڵەی پێم درا.. بە خزم و کەس دەورم

درا... تــەرم بەرەو مزگەوت بــرا... دادی نەداین قیژەو هەرا... لە دوای تاوێك براو لە چاوم ون کرا... دڵم بوو بە کورەی ئاگر... زۆر فرمێسکم لە چاو تکا... دڵم شکا... لەو گریان و جەنجاڵیەدا کەوتە بەرگوێــم کــە دەیانوت: (بێــوەژن و هەتیو بارە)... ئەو وشــانە... دڵمیان وەك تیر ئەنگاوت... خۆم خواردەوەو هیچم نەوت...

چــاك حاڵی بــووم... کە ئیتر من بارم کــەوت... دیواری بەڵای ناگەهان ڕوخاو بەســەرمدا کەوت... مەرگی هاوسەری ئازیزم دڵی بردم... لەگەڵ دوو کۆرپەی ساوامدا تەنیای کردم...

ئێســتاش چی دەرگای حەوشــەمان بکرێتەوە... ئــەو ئازیزەم بیردێتــەوە... زامی ناخم دەکولێتەوە... شــێوەیم بیر ناچێتەوە... چەند مانگ و چەند ســاڵ تێپەڕی... ناسۆری من دانەمرکا کڵپەی گڕی... ناچار فرمێســکی ڕوم سڕی و... دەستم بۆ ئاسمان هەڵبڕی و... وتم: (خوایە، بە هیوای تۆم... پەنای تر نیە بۆی بڕۆم... کاری ســەخت ئاســان کە بۆم... سارێژ بکە زامی بەســۆم... سەبورییەك بهێنە بۆم... ڕێبوارێکی ڕێگای دوورم... ڕێی ترسناك... کاتم شەوە... ئەی خــوای مەزن فریام کەوە... دەرویەکم لێ بکەوە... ئامادەمکە بــۆ ئەرکەکەم.. تا بــە چاکی دوو کۆرپەکەم پــەروەردە کەم... تا ئەوەنــدە بە هونەر بم.. دایکێکی هەتیوپەروەر بم... لە مژدەکەی (أنَا وَكَافِلُ الْيَتِيمِ) بەهرەوەر بم...

ئازیزانم.. خۆشــکی ئێوەم... بمناســنەوە بە ڕوخسارو ڕەنگ و شێوەم... دایکێکی بێوەژن پۆشم... هەتیوبارم... دایکی دوو کۆرپەی نازدارم... پێغەمبەر مژدەی پێداوم... هاوســێی خۆی لە بەهەشتدا بۆ داناوم... لە لیستی هاوسێکانیدا ئەمەوێ تۆمار کەم ناوم...


ئازیزانــم... بێــن بۆ ماڵمان.. بپرســنەوە لە ئەحواڵمــان... لە کەموکــوڕی ناو ماڵمان... لە قووت و بژێوی ســاڵمان.. خۆ بکەنە

مام و خاڵمان.. دەستێکتان بدەنە باڵمان... ئەگەر ئێوە شەیدای خێرن... بۆ خەمساردن بەرامبەرمان... بۆ خۆتانمان لێ ئەبوێرن... بۆ دنیای خۆتان دلێرن... ڕەت بلاون... بیرتان نیە ئەو سامانەی خوا پێی داون... بە ئەمانەت لای داناون... لە قاسەی ماڵی دەهاون... بۆ مەسرەفی ماڵتان سەخی و دەستبڵاون... بیرتان نیە ماڵێك وا لە لای ماڵتانا... هەتیوبارن.. ئەمانەتن لە گەردن و ئۆباڵتانا... کەچی سەرقاڵی خۆتانن... ئەمان نین لە خەیاڵتانا... بیری ئەم خوشکەتان نیە.. کە منداڵی کراس شڕو بێ پێڵاون.. گوڵی لە درك ئالاون... ماسیی غەرقی ناو لێلاون... بیرتان نیە.. بێ باوکن.. هاتوچۆو سەردانیانەوێ... ڕووی خۆش و دەستبەسەراهێنانیانەوێ... ماڵ و شتی جوانیانەوێ... خەرجی و پارووی نانیانەوێ... وەك منداڵەکانی ئێوە، ئەمانیش سەیرانیانەوێ... تەگبیری ژیانیانەوێ... ئامۆژگاری دراوسێ و خزمانیانەوێ... بۆ دان ئێشەو لەرزوتایان دکتۆرو دەرمانیانەوێ...

دەسا وەرن... با ژیانمان لێ تاڵ نەبێ... با هەناسە هەڵنەکێشین.. با منداڵم ڕەجاڵ نەبێ با داخی خۆمانتان لای خوا پێ نەڕێژین... با ئەو کۆرپە بێ بابانە دایکیان فێرە سواڵ نەبێ ناچاری کڕوزانەوەی لای دراوسێ و ماڵ نەبێ...

وەرن میهر ببارێنن... وەرن خەممان بتارێنن... تا لە قیامەت ئێوەش وەك من... هاوسێ ماڵی پێغەمبەربن...

پێنج شەممە
٢٠١٢/٩/٢


یەك كوردستان
یەك پایتەخت

من لەم ژینگەی خاك و ئاوە... چاوم بە ژین هەڵهێناوە... کوردستان نیشتمانمەو.. لانکەی بوون و ژیانمەو... گۆڕخانەی باپیرانمەو... خۆشەویستی چۆتە ناخ و هەناومەوە... چۆتە ناو ژێکانی گەروو پەنجە و بیلبیلەی چاومەوە...

دەڕوانم بۆ نیشتمانم... بۆ ڕانك و چۆغەی کوردانم... بۆ وەرزێر و شەن و شوانم... بۆ کاریلە و بەرخ و ڕانم... بۆ پاڵەو بۆ دەشتەوانم... بۆ جیکەو جروکەی باخ و بەرز و نزمی ڕێگە و بانم... بۆ چوار وەرزی ڕەنگاوڕەنگی کوردستانم... تابلۆی جوان و دڵهەژێنن... دیمەن دیمەن خۆدەنوێنن... لە ناخەوە دەمدوێنن... گەڵای داری خەمەکانم هێدی هێدی دەوەرێنن...

نیشتمانم... لە جوانیدا بێئەندازی... بەڵام سەرکز و بێنازی... ستەمێکت لێکراوە... خاك و خەڵکت پەرت کراوە... نەفرەت لەوەی لەتی کردی... لەسەر نەخشە دابەش و خەتخەتی کردی... بۆیە ئاوا گەل کەساس و بێ دەسبار و بێ دەمڕاس و لە (یو ئێن) بێدەنگ و باس و... لە خۆی هەڕاس... دەبەنگ و کاس...

لە سای (عُصْبَةَ الأُمَم)دا... کورد ئاوا چارەڕەش کرا... نیشتمانی وەك گۆشتی خێر دابەش کرا... (ئەنجومەنی ئاسایش)یش هەر ئەو قەوانە کۆنەیە... مافی گەلان هەر دیزە بە دەرخۆنەیە... خەیاڵی سەربەخۆیی بوون هەر ئەم نانە بەو ڕۆنەیە... کە بەرژەوەندی هاتە پێش تۆزقاڵێك ویژدانیان نیە... بەڵێن و پەیمانیان نیە... لە ئاوی لێڵا ڕاوەکەن... تەنها بۆ چەند بیرە نەوتێك حکومەتێك دەڕوخێنن وکەشتی گەلێك ژێراوەکەن...

وای لەو یاسا نێودەوڵەتیە... کە ڤیتۆی پڕ نەگبەتیە... بۆ گێچەڵ و پەتپەتیە... کام ئەنجومەن ؟... پێنج ئەندامی هەمیشەیی ستەمکارن... ئەڵێی مارن... پارەی مفت و کاشیان هەیە... لەسەر ئەم

دەریای نەوتەدا یاری دامەو داشـــیان هەیە... چڵکاوخۆر و جاشـــیان هەیە... نۆکەری بەلاشیان هەیە... ئاشیان هەیە... هەرکەس ئاشەوانی باش بێ؛ خەڵات و شاباشیان هەیە... پادشای گەمژەی کەللە پوت... لە گـــەلان بوون بە ژەقنەموت ... چاولەدەربوو... وەك ســـەگی هار لەگـــەل بەربـــوو... بە قریوەو هەرا هەرا... گـــەل (مەرەزە) و ئەوان (شەرا)... کلاویان کردین بەسەرا...

کوردســـتانە ئازیزەکەم... ئەی بەهارە تۆراوەکەم... ئەی خەزانە پایزەکەم... تۆ ماسیت وا هەڵدڕاوی؟... یا مرۆڤی پەل بڕاوی؟... خۆ تۆ سۆنەی فێرە ئاوی... بۆ لەم (دێم )ە دانراوی؟...

(یوسف)ی ناو یانزە برا... بۆ ئەم پیلانە دانرا... تۆ قوربانی کام برایەی؟... شوێن بزری، لە کام لایەی؟... (یەعقوب) هەر چاوەڕوانتە... بانگت دەکا بۆچی نایەی؟... کەی بەهیوای لەخۆت ڕایەی... گوێچکەی داگیرکەرت بایەی... برای وەکو (نەدی و بدی)... میراتیان لێ زەوت کـــردی... مراندیتیـــان چۆن نەمردی؟... نەوتی خاکت هەڵلوشـــرا... خێری خاکت دادۆشـــرا... خوێنی دڵیشت گووشـــرا... سەرکز، بێناز، لـــە ناویانا... ڕەزاتـــاڵ لەبەر چاویانا... نابێ بلێ ی بەشـــم هەیە... بەڵگەی تاپۆی ڕەشم هەیە... من پەلێکم لەشم هەیە... پێت ئەڵێن تۆ بە بەهانەی... مرمان کردووی... بۆچی ناشـــکوری ئەو نانەی؟... ئەو بۆتە شـــوانێکی بێفەڕ... تۆش بزنێکی لەڕو گەڕ... لە قاڕەی تۆ خـــۆی ئەکا کەڕ... نە وەك (بزن)ان لەناو ڕانای... نە بە ڕۆژا لەبەر شـــوانای... نە بە شـــەویش لە حەوشـــەدای... بە تەنیایی لە پشـــت بانای... کەســـێك نیە باســـت بکا... لەو ســـەگوەڕەی شەوانی تولانی پایز پاست بکا...

نیشتمانم... چاك ئەزانم... وەکو ئەوان بێ ویژدانن... ڕۆڵەکانیشت نەزانن... چاولەدەســـتی وڵاتانن... بۆ ڕێ ی ڕزگاری لاگرن... خەمی

میللـــەت هەڵناگـــرن... دەرفەتـــەکان دەدۆڕێنن... پەنـــد لە مێژوو وەرناگرن... دەســـتی یەکتری ناگرن... بۆ پارەی میللەت قوتدان و... پاشـــقولدان و... شـــەڕە پەڕۆو شـــەڕە گوللەو... چەپۆك لە یەکتری دان و... ئـــازان بـــۆ یەکتر ڕاونان و ... ئاگر لـــە یەگتر بەردان و ... هەرچەند دوژمن نەوەســـتاون... چەقۆ بۆ ملیان ئەســـاون... ســـەد پیلانیان بۆ داناون... وەك موشـــەك بۆیان ئەهـــاون... کەچی بەبێ خەم وەســـتاون... سەرقاڵی ســـەیران و ڕاون... هاوار لە من... هەزار نەخۆشی لێ ی داون... لە سەرمانا هەڵدەلەرزن... چاوەڕێ ی تیشکی هەتاون... گەلێك ئاوا دەردەدار بێ.سەرم سوڕماوە چۆن ماون...

بـــێ ناز بوو نیشـــتمانی من... درەختێ بوو بەر مشـــارێکی کول درا... داهێنرا... ســـەراپا شـــەڵاڵی خوێن و ... بزر ناوو... بزر شوێن و... هەڵتەکا ســـیپاڵ و نوێنم... من لەم جەنگەڵســـتانەدا چۆن ماف لە مافخۆر بسێنم...

کوردســـتان دەکرۆزێتەوە..برینێکە هەموو ســـاتێ دەکولێتەوە... هـــەر دەیلێت و دەیلێتەوە... (من تاســـاوم... خوری لە درك ئالاوم... مـــن لە جیهانا بێ ناوم... وەك ولاتێك لـــە (مەحفەل)ی دەوڵەتاندا نەناســـراوم... .بـــێ دراوم... بـــێ بەیداخی هەڵکراوم... بێ ســـنوری خاك و ئاوم... (سەردەشـــت و مەریوان )ەکـــەم... (هەولێر هەڵەبجە) جوانەکەم... (قامیشلۆ..ماردین..وانەکەم)... وەڵام بدەن بانگتانەکەم... بۆچی نایەن؟... لەکام لایەن؟... خۆئێوە ڕۆڵەی ئەم دایەن... کێی تر خـــۆی کردۆتە دایەن... دەی زوو وەرن لەخۆ ڕایەن... ئەو ناحەزەی دیلی کردوون ملی بایەن...)

بە مەمرەو مەژی دوو بەخت... مەیســـەر نابێ کاری ســـەخت... ئەبێ ســـنور لێك دەینەوە... یەك کوردستان یەك پایتەخت... یەك ئالاو پادشـــاو تەخت... با هەموومان هاوار بکەین... یەکتری ئاگادار

بکەین... وەك مێروولە تۆمار بکەین... کۆشـکی هیوا دیوار بکەین... دەردی کاری تیمار بکەین...

ئـەم بەهارەی کە هاتووە... ئەم لافاوەی کە هەڵساوە... کە گەل بۆ سەندنی مافی وەکو ئاگر داگیرساوە... بە دروشمی (ارحل..ارحل) ئەڵێـی تیغی تازەسـاوە... کە سـتەمکار ئـەوەی گلا.. بە قەد یەك (ڕەشـکە) ئاوسـاوە... ئەوەی گیرا.. وەکو ورچ لە زنجایەو..مورەغەی پشـتی شکاوە... ئەوەش ماوە گوێ قوڵاخەو لەتاو دۆخەکە تاساوە... قوڕ بە سـەر خۆی و ئەو کەسـەش ڕۆژێك تەشـی بۆ ڕێسـاوە... بۆ ئێمەی کوردی بەشـخوراو باشترین هەلە ڕەخساوە... (دەست لە دەسـت و قوەت لـە خوا) بڕیار بدەین لە ئێسـتاوە... ئەم دەرفەتە لەدەست نەدەین کات لە ڕێمان نەوەستاوە...

*عصبة الامم: ریکخراوێکی نێودەوڵەتی بوو لە ١٩١٩دا دامەزراو بنکەی سـەرەکی لـە جنێف بوو کە لـە ١٩٤٦دا گۆڕا بە (ڕێکخـراوی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی).

*مەرەزە بە ڕوەکی برنج دەوترێت لە کێڵگەدا.

*شـەرا نەخۆشـیەکە دەدات لە مەرەزەو گوڵەکەی پوچ دەبێت و دانی تیا نابێت.

*دێـم پارچـە زەویەکی کشـتوکاڵیە کە تەنها پشـت بەئـاوی باران دەبەستێت.

*ڕەشـکە چنراوێکە لە پەتی ئەستور دروست دەکرێت، کە قەبارەکەی زۆر گەورەیەو جاران لە گوندەکاندا کای تێدا دەبرایەوە بۆ گوندەکە.





# بەهەشت بکرە فریاکەوە

کەی ئاوا بووی؟... کە ساوا بووی... نۆ مانگ لە ناو هەناوا بووی... لە پزدان و شلاوا بووی... کەچی ئەمرۆ زیت و سازی... کەشخەو شازی...دەم بە نازی... ژیربە خوای پێ بکە ڕازی...

گەر لە کاسبیدا دلێری... دنیا جەنگەڵ و تۆ شێری... بار دەنێری... جەمی دەکەی... دەیبژێری... گیرفانپڕو ورگ تێری... بە سەفەرو سەیران فێری... بیرت بێ ئاخری دەمری.. .ڕۆژێك دێ میوانی قەبری... خەرمانی ڕەنجت هەڵدەگری... دە لێبڕێ لە بەهەشتدا جێیەك بگری...

ئەوەی کە بە تۆ دراوە... ئەگەر نانە... ئەگەر ناوە... ئەگەر عەقڵ و دڵ و چاوە... گەر پوڵەو سەر یەکت ناوە... سپاردەیەو دانراوە... تۆ وەکیلی... عەبدێکی دەست بە کلیلی... بۆ بەخشینی مل بامەدە...

وەکو قارون بە فیزەوە خۆت بامەدە...لە کاری خێر خۆت لامەدە...

ئــەوەی کە گیرفانی پڕە... بەڵام داری دینی زڕە...ویژدان سڕە...

وەکو ســۆنە لە ســەر هێلکەی پــارە کڕە...بۆ پــڕۆژە چەند لێزان و نەرمەبڕە... مادەم خودای بیر چۆتەوە... گەوجو گێلو گێژو وڕە...ئەی نابینی چۆن بۆ دنیا تێدەکۆشــێ... وەك بێهۆشــێ... خۆش دەنۆشێ... جوان دەپۆشێ... بەڵام بۆ قیامەت ناجۆشێ... کراسی تەقوا ناپۆشێ... (زەکات و صەدەقات)ی چی؟...پوشێك بە خوا نافرۆشێ...

دڵنیایــە بەم دنیایە.. .بیری نیە تاســەر نیــە بێبەقایە... تەمەن دەڕوا دەڵێی بایە... (اِذا بَلَغَت التَّراقِی) ئەو ســاتەی لە بەرِ دەمایە... (وظَنَّ انَّهُ الفِراق) هەناسەکەی دێت و نایە... (وَالتَفَّت السّاق بِالسّاق) کۆتایی گەشــتی دنیایە... هێندەی زانی لە کفنایەو لە گۆڕدایە... گۆڕ چی؟... ســرتەو ورتە نایە... نە بازاڕو نە سەودایە... نە قەنەفەو نە چرایە... نە هاوسەرو نە برایە...

جا کاتێك ژیری بزانی... چەند لەم دنیایەدا بژی... هەر میوانی... بەهەشت مەدە بە سێبەری دنیای فانی... هاکا بروسکەی (جەلطە)یەك کۆیلی مێشکی ســوتانی... زاڵگەی مەرگ ڕایوەســتانی و دایبەزانی... جوجەڵەی ڕۆحەکەت دەرچوو و قەپوی جەستەکەی شکانی...

بە غەفڵــەت بەلای دنیادا ڕامەبــورە... وا نەزانی مەرگ دوورە... ڕێگا ئیحتیاجی بە نورە... (قِیلَ ارْجِعُوا وَرائَکُمْ فَالْتَمِسُوا نُوراً)...

دەی دەســت درێژکە بۆ بەخشــین... بۆ نەداران ببە بە ســێبەرو پەرژین... سارێژیکە دڵی پڕ لە ئۆف و برین... نەخوازەڵا بۆ نازداران... بباریێ وەك نەرمە باران... ئەو منداڵەی لێی قەوماوە... ناز شــکاوە... باب نەماوە... هێشــتا منداڵە فرۆیە... چاو لە تۆیە... دڵ بە سۆیە... فیتنەو ئیمتیحانی تۆیە... دە فرمێســکی گۆنای بســڕە... دە کاڵا بە باڵای ببڕە... بەهەشتی پێ لە خوا بکڕە...



CamScanner

ئەزانم چەندە سەرقاڵی... وەك ئاكۆتر بۆ پرۆژەی خۆت دەناڵی... دە سـەرنجێ بدە حاڵی... دەسـتێکت بدەرە باڵی... ببە بە براو مامو خاڵی...لێمەگـەڕێ منداڵـی خۆت تێروتۆخ بێ و... دەم بە گۆشـت و ترێو قۆخ بێ و... ئەویش بە ژیانی تاڵی... بژاکێ تافی منداڵی...

دەسـتی بگرە با بکەوێتە سـەر ڕێگا... بێنیازیکە لە پارە... با بە ئەرکی خۆی ڕابگا... با تێبگا... با پێبگا... کێ دەزانێ ئاوا کاریێ... منداڵ ناکا بە پزیشـکێ... بە بانگخوازێ... ئەندازیارێ.. ئەوجا ڕەحمەت بە سەرتدا وەك تاوە باران بباریێ...

پێـش خۆتی خە... با بۆ ناو گۆڕی نادیاریی... ببێ بە صەدەقەی جاریـی... خۆت مەسـت مەکە بە دنیـای پڕ لـە جەنجاڵیی... گەر خاوەنی کۆگای گەورەو ئیمێڵ و گورزو گۆپاڵی... ببە حاڵی!!... ئامان دەسـتم بە دامانت... نەڕۆی بە دوو دەستی خاڵی... وەك ئەو نەزانە ناقۆڵا... کە دنیای داوە بە کۆڵا... چونکە گەر بیشبێ بە پۆڵا...سبەی دەڕزێ لە ناو خۆڵا...

کەسـی ژیر ئەلفێکی بەسـە... بۆ داماوان فریادڕەسـە... لە جێی هەرچـی خـزم و کەسـە... ژیـان و دارایی هەلـە... وەك گـرەوە... مەیدۆڕێنە... بیبەرەوە... ئەمڕۆ ڕۆژە... سبەی شەوە... تەمەن کورتە وەکو خەوە... بەخشـندەبە... لە کاروانی چاکەخوازان دوا مەکەوە... پارە تاسەر بۆت نامێنێ... بەهەشت بکرە فریاکەوە...



# دەنگێك لە ناخمدا دەڵێ

خواى بە خشندە... منى بەندە... لێو بەبارو پەڕاگەندە... چى دەڕوانم لە كردارم... لە ڕەفتارم... خەم دەمدەگرێ و شەرمەزارم... لە تاو هەگبەى خرت و خاڵیم... ترسناكى گۆڕى تارم... لە تاو ڕۆژى هەستانەوەى قیامەتى سەخت و دژوارم، بێ قەرارم... خەم بەندى دڵى گرتووم و، ترسیش بۆى بۆتە سەربارم... غەریب كەوتووم لە ناو دۆست و كەسوكارم... دڵم تۆراوە لە دنیاى نەوبەهارم... كە دڵنیام تا سەر نابێتە هەوارم... دنیا ڕێ یەو من ڕێبوارم... دەڕۆم، دەڕۆم...

ڕێی سـەفەر تولانــی و تەمە... تونێلێکی تــرس و خەمە... هەرچی تێشویەك من هەمە، هێندە کەمە... گەر نەمبەخشی خوای میهرەبان، ڕزگاربوونی من ئەستەمە...

لەنــاو دەریای دنیای فانی... تێیدا کەوتمــە مەلەوانی...تەمەنم چوو بە نادانی.. زۆر داماو بووم، وام دەزانی... قرپ و قاڵم تا سـەر دەبـێ... دنیام عەترو عەنبـەر دەبێ... داری ژین هەر پڕبەر دەبێ... دڵ بـۆ یار هەر تەتەر دەبێ... ئەم باڵام هەر ئاوا شـۆخ و ئەسـمەر دەبێ...

نەمدەزانــی چەند بمێنم... چەند لــەم دنیا ڕابمێنم... بە دەعیە خۆی تیا بنوێنم... وەك کەوی شـاخ بۆی بخوێنم... هەزار نەخشـە بنەخشێنم... بە (جِئْتُمونا فُرادى) مەحکومم و جێ نامێنم... هەر ئەبێ بچمە درەوی ئەو تۆوانەی لە کێلگەی تەمەنی دنیا دایدەچێنم...

شریتی تەمەن تێپەڕی... ئەوەی چوو نایەتە دواوە...زۆری ڕۆیی، کەمی ماوە... وەك گەڵای داری پاییزیی ڕەنگە تۆخەکەم گۆڕاوە... بەفر ڕوخساری داپۆشـیم... نەوەی خۆم دەورەمی داوە...دەرد جەستەمی هەڵپێچاوە... چەخماخەکەی ئەجەل ماوە... کاتەکەی دیاری کراوە... هاکا ناوەکەم خوێندراوە... وەك خۆر لە کەل ئاوا بووم و چرای ژیانم کوژاوە...

دەنگێك لە ناخمدا دەڵێ: تا کات ماوە... تا کار لە کار نەترازاوە... لایـەك بکە بە لای دواوە... بزانە لـەوەی ئەبوایە (بکرێ و نەکرێ) چی کراوەو چی نەکراوە...

بە جارێ هەناسـەی سـەردم... شـەیتان زەفەری پێ بردم... وەها شـەرمەزاری کردم... وەکو باپیرە ئادەمم، ڕێی گوناهی خستە بەرم... کڵاوێکی کردە سەرم، لێی داماڵیم کاڵای شەرم... تۆزی غەفڵەت نیشتە

سەرم... دەسا خوایە عەرزو حالّم -بۆ تۆ نەبێ- بۆ کێی بەرم... گەر بمبەخشی... خۆشــی لە خۆم بەختەوەرم... گەر نەمبەخشی... هاوار لە خۆم خاك بە سەرم...

نیعمەتت باراند بە سەرما.. من هەر سپڵەو هەر پێنەزان... هێندە ســنوری تۆم بەزان، داری دینم خســتە خەزان... ڕۆژو ساڵم دوێنێ و پــارن... لای من تەنها یادگارن... چرکە چرکەی لای تۆ دیارن... وردو درشــتم تۆمارن... لە دیســکی (كِتابٌ مَرقومْ ) پارێزراون... بۆ ڕۆژی خۆی هەڵگیراون... بۆ ئەو ڕۆژەی یەکجار ترســناکە... تەنیا کەسێك تیای بێباکە... کە لە دنیا دڵ ڕوناکەو جاڕی پاکە...

کێش دادگا ڕایوەستێنێ... دەستی چەپ بۆ نامە بێنێ... تەرازووی کردارەکانی کورت بهێنێ... ڕەنگێ بباو ڕەنگێ بێنێ... ڕوخساری ڕەش هەڵگەڕێنێ... بە جۆرێ خۆی دەدۆڕێنێ... هەموو دنیا موڵکی ئەو بێ و لە بارمتەی خۆیدا بیدا هیچ ناهێنێ...

دەسا خودای میهرەبانم... چاك ئەزانم... کە تۆ چەندە بەخشندەیت و منیش چەندە پێنەزانم... بە جارێ نوقمی تاوانم... ســتەمم کرد لە گرێبەســتی ئیمانم... نەنگی بوو هات بە ســەر شانم... ڕووزەردی هەردو جیهانم... دەســا خوایە پەشــیمانم... خەجاڵەتم، ڕووو بەرەو ژێرە چاوانم... لە ڕۆژی حەشــرو وەستانم... لێم ببورەو سرپۆشیکە خەتاکانم... لە دەرگاتا لالّە دەکەم... هەچیەك هەم، ئەوەم کە هەم... ئەمان خوایە تەوبە دەکەم...

لــە جێی گوناه چاکە دەکەم... ڕوو لەو ڕێگا پاکە دەکەم... لە من هاتن، لە تۆ قبولّ... هیدایەتت داوا دەکەم...



# هی تۆیە و بەس

ئەوەی دینی ویرانەیە و، دنیای کردۆتە مەیخانە... پەنجەرەی دڵی گرتووە، تا نەڕوانێ بەئاسمانا... بیری هەر لای موڵك و ماڵ و خەو و نانە... پەتای غەفڵەتی گرتووە، کە دەردی سەختی ئیمانە...

کێ دووچارە بەو دەردەوە... مردوی شەوە... خولیای خەوە... ڕۆژیش گزی و فێڵ و دزی... وەك گاکۆتر بە ناڵەناڵ... پەرواز دەکاو دەفڕێ بە باڵ... خۆی نابوێرێ لە کۆسپ و چاڵ... هەر ناپرسێ حەرام، حەڵاڵ... شیرین و تاڵ... گەییو و کاڵ...

غافڵ هەرچەند نەسرەوتووە... هەرچەند بەسەر پلەی بەختا سەرکەوتووە... بێدارە، بەڵام خەوتووە... خەوی دڵ، نەك خەوی جەستە... بۆیە حۆل و گێژ و پەستە... هەمیشە وەك ماران گەستە... بە دنیای وەك سەراب مەستە...

نازانێ ئێمە وەك ماسی و، دنیاش وەك گۆمێکی مەنگە... ناو

ئـــەم گۆمە بەرەی جەنگە... بەڵام جەنگێکی بێدەنگە... دۆڕانی ئەم جەنگـــە نەنگە... کەچی لەپڕ زڕەی زەنگە... زەنگی ســـەفەر... هاکا تۆش ســـپیت کردە بەر... ڕێت گرتە بەر... لەم ماڵەدا کرایتە دەر... خاك لەسەر خاك، بەردیش لەسەر...

مەنازە بە ئازاییتدا... بەئازایی نەخوڵقاوی... ئەگەر (زانا) ... ئەگەر (دارا )ی... ئەگەر تیغی تازەساوی... بە بەهرەکانتا مەنازە... هەرچیت هەیـــە خوا پێیداوی... (کە خاکـــی خاکی دامەن بە، وە گەر نە تۆزی بەربادی... کە ئاوی ئاوی گەوهەر بە، وە گەر نە بڵقی سەرئاوی...)

بڕوانامە چەند باڵابێ... پۆستی باڵای لە پاڵا بێ... ئەگەر جوانی جوانـــان بیـــت و ... ڕوت وەکـــو خونچە واڵا بـــێ... هەرچیت هەیە بەخششی خوان... هی خۆت نەبوون و پێت دران... سپاردە بوون لات دانران... هاکا ئەمدیواو دیو کران... لێت سەندران و لەپڕ بران...

ئـــەو نیعمەتەی کـــە هاودەمە... دێـــت و دەڕوات، ئاوی چەمە... بـــۆی مەگریە، مەڵێ ڕۆیی... بۆی مەنالـــێ مەڵێ کەمە... مانەوەی خۆیشت ئەستەمە... چاڵی گۆڕت لە بەر دەمە... تەنگ و تار و ترس و خەمـــە... نە چرایـــە... نە هاودەمە... لە خەوی غەفڵەت ڕاپەڕە... تێشـــوت دەوێ بۆ مەحکەمە... هەرچەندت پێ بێ هەر کەمە... گەر لەش ساغ و بێ ئازاری... پشت نەکەیتە زاتی باری... بکەویە لاقرتێ و یاری... گەر خواناس بی پایەداری... خوانەناس بی خاکەســـاری... ئەی ناترسی دووچار ببی..بە دەردێك گرفتار ببی... ئاوقای کسپەی ئـــازار ببـــی... لە گیانی خـــۆت بێزار ببی؟... کەواتـــە وەك نەدی و بدی... نەڵێی (عَلی عِلم عِنْدي)

(أنا، أنا) نەخۆشـــیە... ًفیزو هەوای سەرخۆشـــیە... بڕوانە بۆ یوســـفی جوان... بۆ تەخت و بەختی سولەیمان... بە بەهرەدا نەیاننازی... بۆیە خوا لێیان بوو ڕازی... وتیان (خوایە هەرچیمان هەس، هی تۆیەو بەس)...


بەرەو تەوحید دەشنێنەوە

کاروان دیسـان وا هاتـەوە... نـەك بـە نوقـڵ و نەباتـەوە... بە هەگبەیەکی لێوانلێو لە ئەسـماء و سـیفاتەوە... بۆ تەجەللای ناوی زاتـێ... دڵ بـە ناوی ئەو لێـدەداو، خونچە پەلاسـی دەدڕێ و چاو وازەکا... هەور چەخماخە لێدەداو، بەهار ئاهەنگێ سازەکا... چاو لە جوانیەکـەی تێر نابێ و ... گوێ مەیلی سـەد ئاوازەکا... باڵدار دێنە بەزم و سەما... کوللە هەر بازەو بازەکا... هەنگیش پلورە جێ دێڵێ و بۆ ماچی گوڵ پەروازەکا...

تەنها تەنها ئەو خودایە... بە حاڵی هەموان ئاگایە... بەدیارو نادیار زانایە... ئەو کارلە جێیەو توانایە... (سَـمیعُ) و (بَصیر) هەر ئەوە... بە دەسـتەڵات و توانایـە... بۆ لێقەوماوان هانایـە... ڕازی هەموانی لـە لایـە... (الحَکَمُ العَدْلُ) ئـەوە... بڕیاری کـورت و خێرایە... هەر ئـەو پەنای بێ پەنایە... کارێك نەیەوێ پێك نایە... پادشـای هەردو دنیایە... خێر هەر لە دەستی ئەودایە...

خاوەنـی حەقیقی ئـەوە... (حَیُّ قَیوم) هـەر خۆیەتی... مەرگ و ژین بڕیاری ئەوە... سودو زیان بە دەست ئەوە... چەرخێنەری وەرزو مانگ و ڕۆژو شەوە... فەرمانی (کُنْ فَیَکون)ی بە پڕتەوە...

هەرچیەك ڕونە یان لێڵە... ڕاستیە یان فرت و فێڵە... لە سەر ڕێی ڕاستە یان وێڵە... گەورەو گچکەی لێ دیارە... غەیب و ئاشکرای یەك بارە... هەمووی لە لایدا تۆمارە...

ئەی خودای من... تاك و مەزن... تۆی پەلەوەر لە هێلکەدا دروست و چاودێـری دەکەی... هێشـتا بێچوی هێلانەیە، هەرچی پێویسـتی ژینی بێ فێری دەکەی... بەیانی بە برسـی دەفڕێ و ڕۆزی خۆیی بۆ دەنێری و تێری دەکەی...

هەر سـپێدەی بەیانیەك... دەریاو ڕوبارو کانیەك... هەر ڕوەك و زیندەوەرێك... هەر چۆلی و ئاوەدانیەك... کاتێ گوڵ دەگەشـێنەوە...

کاتێ کە دار دەژێنەوە... کاتێ مەل دەگەڕێنەوە... ئەلیکترۆن و، ئەستێرە دەسوڕێنەوە... ناوە جوانەکانی تۆیە تیایاندا دەدرەوشێنەوە... تەسبیحاتی زاتت دەکەن... بۆ کڕنۆش دەچەمێنەوە... (أفي اللهِ شَكٌ) دەڵێن... بەرەو تەوحید دەشنێنەوە... بێ کلیلی ناوەکانت ڕازو نهێنی ئەم ژینە ناکرێنەوە... پرسیاری ژیان و مردن بە تۆ نەبێ بە کەس وەڵام نادرێنەوە...

(اللهُ أَحَـدْ) هـەر ئەتۆی... (لَمْ يَلِدْ) کەسـت لێ نابـێ... (وَلَمْ يُولَدْ) لـە کەس نەبووی... ئەبەدیت و هەر دەمێنـی... ئەزەلیت و تۆ هەر هەبووی...

(ألمُنْتَقِمْ) هەر تۆی و بەس... کە خەشـمی خـۆت بە کارەخەی... چەوساوەو ماف خوراوەکان لە چەوسێنەر ڕزگارەکەی... (جَبَّار)ی هەر خۆت ئەزانی... باری زاڵم چۆن لارەکەی... دەیکەیتە پەندی زەمانەو کورسیەکەی سەرەو خوارەکەی...

(اللّطيفْ)سۆزت گشتکیرە... کە زستان بە بەهارەکەی... بە سەوزو سـورو شـین وئاڵ... سروشـت پڕ لـە نیگارەکـەی... چۆڵەوانی بە شارەکەی... (نگین) بە محەممەد دەدەی... یوسف بە خەزنەدارەکەی... هەژار دەوڵەمەند دەکـەی و دەوڵەمەندیش هەژارەکەی... (التَّواب)ی بۆ گوناهبار... دەردی دڵی تیمارەکەی... کە قەرزار دێتە تالوکە... تۆی قەرزەکەی بۆ بارەکەی... (مُحْصي) هیچت لێ ون نابێ... وتەو کارمان ئامارەکەی... بـازاڕی دنیا هەڵدەگری... قیامەتێـك بەرقەرارەکەی... بە بەهەشـتە نازدارەکەت... خەڵاتی چاکەکارەکەی... خراپکاریش لە دۆزەخدا... ڕوسیاهو دوچارەکەی...



# بارانمان بۆ داباریێنه

ئەی خالقی بوون و جوانی و... چاوگی کانی و... شـەوی تارو ...
سـپێدەی ڕوونی بەیانی... تۆ خۆت بە حاڵمان ئەزانی... شتێك نییە
لات  ئەستەم بێ و تۆ نەتوانی...

ئەی خاوەنی ئەم زەمین و مانگ و خۆرە... ئەزانین گوناهمان زۆرە
و جۆراوجـۆرە... گوناه بۆ ئیمانی ئێمــە بۆتە خۆرە... تۆ میهرەبان،
ئێمە نابار... تۆ دەوڵەمەند، ئێمە هەژار... تەوبە دەکەین لە گوناهی
دیار و نادیار...

ئەی خاوەنی زیندەوەران... ئەی نێرەری پێغەمبەران ... وڵات تینوە
بۆ باران... بە میهری خۆت بارانمان بۆ داباریێنە وەکو جاران...

ئـەو بەندانەی ڕۆژوگـری ڕەمەزان و کڕنۆش بـەری بەیانیتن...
هاتونەتە ئەم سەحرایە چاوەڕێ ی میهرەبانیتن...

وا ئــەم هەموو ڕوخسـارانە... لە سـەر ڕەویەی ئـەو پێغەمبەرو

یارانــە... هاتوین بۆ نوێژە بارانە... دەســا تۆش دڵمان مەشــکێنە... بارانمــان بــۆ دابارێنە... نزاکانمان لێ وەربگرە... بە خەشــمی خۆت مەمانگــرە... بەڵامــان لە ســەر هەڵگــرە... لە بەر قاپــی ڕەحمەتدا ڕاوەستاوین... بمانبەخشە... وەرمانگرە...

تۆ ئەتوانی هەور بێنی... لێزمەی باران تاو لە دوای تاو بە سەرماندا ببارێنــی... چاوگــی کانی و ڕوبــارەکان بتەقێنــی... بەرەکەتی ئەو خاکەمان بۆ دەربێنی.. دەشت و نزار بە سەوزە گیا بنەخشێنی...

خوایە لێت ئەپاڕێینەوە... نزاکانمان ســێجار ســێجار دەڵێینەوە... داماوین، دەکڕوزێینەوە... تۆو گەورەییت، دەست مەنێ بە ڕومانەوە... با بە خاڵی نەڕۆینەوە... ئەگەر دڵیشمان بشکێنی... پەنایەکی تر شك نابەین... هەر دێینەوەو هەر دێینەوە...

بەندەی ئەتۆین... لە سەر موڵکەکەی تۆ ئەژین... لە نیعمەتەکانت دەخۆیــن... بێجگــە لە تۆ بۆ کوێ بڕۆین... دە تکامان بە جێ بێنە... دڵی گەرمی ئەم بەندانەی خۆت مەشــکێنە... (یا مَنْ يُسَــبِّحُ الرَّعْدُ بِحَمْدِهِ) لە ئاســۆوە هەور بێنە... دەستەڵاتی خۆت بنوێنە... بارانمان بۆ دابارێنە... بە سەر هەرچی دەشت و شاخ و شارو شوێنە...

بارانێکی بە پڕتاو بێ... دەشــت و دەری پێ پاراو بێ... بەردەوام تاو لەدوای تاو بێ... تا گژوگیا گەش و جوان بێ... بنار پڕ لە مەڕو شوان بێ...

خوداوەنــدی مرۆو پەری... بــۆ لێقەوماو تۆ فریادو هانابەری... بۆ ســەرجەمی زیندەوەران ڕۆزیدەری... لە بــۆ بەندەی گوناهبارت خەتا پۆشــەرو بەخشــەری... خاوەنی خۆرو ســێبەری...وا دان دەنێین بە تاوانمان...تەوبــەو ئەمان...بــە دورمانکە لە لێقەومان.. خەشــمت هەڵبگرە لە سەرمان...کراســی ترس و برسێتی مەکە بەرمان...وەك قەومی یونس پێغەمبەر خۆش بە لێمان...باران ببارێنە سەرمان...



# ڕۆژێك دادێ

ئادەمیـــزاد کاتێ دێ بۆ ئەم دنیایە... بێ توانایە... نە ئەتوانێ لە خـــۆی ڕایە... نە ئەتوانێ بۆ ئەملاولا ســـەری بایـــا... ڕەجاڵە بۆ شـــیری خـــاوی مەمی دایـــە... وردە وردە گـــەورە دەبێو دانی دەڕوێـــت... ماوەیەك گاگۆڵکێ دەکاو بە دیـــوارا هەڵدەزنێت... پێ دەگرێتـــو دەڕوات و دێـــت... مزراح ئاســـا هەڵدەخولێت..کە خۆی ناســـی لەکۆڵی دنیا دەنەوێت... دەیەوێ لە پشتی بنێت... هەرچی دەکا بـــۆی نابرێت... ناچـــار هەندێکی هەڵدەگرێت... ســـەرەنجام ئەوەش دادەنێت،  وەك تەنیاو بەدەســـتی خاڵی هاتە دنیا، ئاواش بە تەنیا مل دەنێت...



# ڕۆژێك دادێ

ئادەمیــزاد کاتێ دێ بۆ ئەم دنیایە... بێ توانایە... نە ئەتوانێ لە خــۆی ڕایە... نە ئەتوانێ بۆ ئەملاولا ســەری بایــا... ڕەجالە بۆ شــیری خــاوی مەمی دایــە... وردە وردە گــەورە دەبێو دانی دەڕوێــت... ماوەیەك گاگۆڵکێ دەکاو بە دیــوارا هەڵدەزنێت... پێ دەگرێتــو دەڕوات و دێــت... مزراح ئاســا هەڵدەخولێت..کە خۆی ناســی لەکۆڵی دنیا دەنەوێت... دەیەوێ لە پشتی بنێت... هەرچی دەکا بــۆی نابرێت... ناچــار هەندێکی هەڵدەگرێت... ســەرەنجام ئەوەش دادەنێت، وەك تەنیاو بەدەســتی خاڵی هاتە دنیا، ئاواش بە تەنیا مل دەنێت...

دنیای ئەوەندە پێ خۆشە... دەست لە چوارلکی گیرەکا... لێی دەنەوێ و زۆر قورسە بۆی هەڵناگیرێ... پەلەقاژەو تەگبیرەکا... قەناعەت بە هی خۆی ناکاو گەر بۆی بکرێ بەشی خەڵکیش داگیرەکا... هاوسەر دەگرێ و وەك کولەکە پەل دەهاوێو خۆی بە باب و باپیرەکا... بە باق و بریقی دنیا سەرقاڵەبێ و کورتی تەمەنی ئەم دنیای لەبیرەکا...

ئەی ئادەمی لە هەر گوندو هەر شارێکی... میوانێکی... ڕێبوارێکی... لە سەر ڕوباری ژیانا هەر وەکو تەختەدارێکی... ئەمرۆ لەنجەت پێ دەکات و سبەنێ لە ناو بڕاوی و لە گوێ ڕۆخی کەنارێکی...

چەند بڕوانامەت بالا بێ... مەدالیاو نەجمەت وەکو گوڵ پیا ئالابێ... چوار خانمی شای جوانانت لە مالابێ... پاسەوانی دەست بە چەکت لە پالابێ... لاشەی ساغ و تەندروستت وەك پۆلا بێ... خۆت پاشا بی... لە کۆشکی بەرزو خۆشا بی... ڕۆژێك دادێ کەسوکارت لە جێدا ڕایانکێشابی... بە چەرچەف دایانپۆشابی... بە نەخۆشی داغان بووبی و داوەشابی... چاوت لە سەقفی ژورەکەت بڕیبێت و لە دنیا دەم بە حاشابی...

هەرچەند لە دەوڵەمەندیدا ملیاردێر بی... نوکتەزان بی و بە خەندەو پێکەنین فێربی... هەتا دەمری هەناسەیەك بۆ نەبوونی هەڵنەکێشیو گیرفان پڕو ورگ تێربی... لە هەڵمەتا وەکو شێربی... هاوین لە کوێستانی بەرزو زستانیش لە گەرمەسێر بی... بۆ خەلاتی نۆبلی ساڵ دەسبژێر بی... ڕۆژێك دەبیتە گیای بەهار... مەرگ داسی لە گیای جەستەت دەخاتە کار... قاچت بێ جوڵە دەکەون وەك دوو چڵ دار... ئەندامانی خێزان دەیکەن بە شین و زار... دەتخەنە ناو تابوتی دار... دەتکەنە دەر لە ماڵ، لە شار...



# مەیلی ناو ئازیزانەکەم

لە ناو دنیای کاتی و ناکام... یاران یەك یەك نەمان لەلام... ئەوان چوون و من بە جێمام... بۆ حاڵی خۆم وەها دامام... وەکو (نورسی) تێر لەو غوربەتەدا گریام... گریام، کە من بەجێ ماوم... لە دۆستانم دابڕاوم... چاوەڕوانی لیستی ناوم... وەك نێچیری نزیك داوم... بۆ قەدەرێك دانراوم...

یاران: لە یەکتر دابڕاین... ئێوە لەوبەر، من لەمبەرم... تەمەن وەك سێبەری هەورەو ڕێگای بەرزەخ وا لە بەرم... هاکا سەرە گەیشتە سەرم... بەرگی سپی کرا بەرم... دۆشەك بوو بە گڵی نەرم... لە جێی سەرین، بەردێك خرایە ژێر سەرم... بۆیە وەکو گەڵای ڕەزان کە سەرما هات، خەزانەکەن، خەزانەکەم... لەم غوربەتە بێزارم و مەیلی ناو ئازیزانەکەم...

یـاران دوێنـێ ئێمـەو ئێوە گوڵ وەنەوشـەی بـن داری بووین... ڕێبواری ڕێ... لە پێدەشتی بناری بووین... هاوکاری بووین... خەریکی کاروباری بووین... گەشـتی کوێسـتانی خاڵخـاڵ و... خەندەو گریەو ناڵەناڵ و... ڕۆژو هەفتەو مانگ و ساڵ و... وانەی ناو مزگەوت و ماڵ و... یاداوەری شـیرین و تاڵ... بەڵام ئێسـتا لە یەك دوورین... ئەمرۆ ئێوە کۆچەرین و، ماڵتان لەو لوتکە شـانەیە... بۆ گلکۆتان دوو کێلی بەرد نیشانەیە...

کە ماڵتان لە دنیادا بوو... دەستمان لە یەك گرێ دابوو... پەیامان بانگی خودا بوو... ڕێگامان نورو هودا بوو... بە ناو کۆسـپ و چاڵ و پێچـا ملمان نابوو... پەیمانمان بە یەکتر دابوو.. هەرچەندە لە ئێوە دوورم...لە سەر پەیمانەکەم سوورم... عەوداڵی ڕێبازی نوورم...

یاران ئێوە تەمەنتان زوو کۆتای هانی... کە پێکی مەرگتان نۆشی و، سـەراپا کفنتان پۆشـی و، خەونی دنیاتان تێپەڕی... نەوبەهارتان سەوزەی تەڕی... هەڵبزڕکاو پوشی پەڕی...

یاران ئێمەش ڕۆژێك دادێ لاشە تینی لێ ببڕێ... لە ناو هێلانەی جەسـتەدا مەلی ڕۆحمان هەڵبفڕێ... ئەوسـا وەکو گۆزەی بن گڵ... لاشە بشکێ و ببێ بە گڵ...

ژیان هاتن، مردن چوونە... دوای هەڵاتن، ئاوابوونە... ڕۆژێك دادێ زەوی حەملـی فـڕێ دەدا.. لە دایك بوون و جـەم بوونە... فەرمانی بـێ چەنـدو چوونە... وای لـەو کەسـەی وا دەزانێ مـەرگ مانای فەنابوونە...

لەو ڕۆژەدا مرۆڤەکان هەر دوو بەشـن... ڕوخسـار سـپی، یاخود ڕەشـن... ڕوخسار سپی جوان و گەشـن... لە ڕەحمی خوا بەهرەوەرو خاوەنبەشـن... بەهەشـت پەیمانی خواوەندە... بۆ ئـەو بەندەی کە پابەنـدە... کاتی خەڵات وەرگرتنە... وادەی شـکۆفە کردنە... وەچەو

باوان جەم کردنە... نە نەخۆشی و نە پیرییەو نە مردنە... نە ڕۆژوو
نە نوێژکردنە... نە سەرپێچی و دەرکردنە... ئاهەنگە، یاری کردنە...
سوپاسی خواوەند کردنە... نە ئاخێکە، نە ئۆفێکە... شوکرانەو ئۆخەی
کردنە... مووەکانیان هەمووی ڕەشــە... ڕوخساریان ڕوناك و گەشە...
شەنگ و شۆخن، تازە لاون... بە خامەیەك نەخشێنراون... بە فریشتە
چوێنراون... میوانی ڕێز لێگیراون...

کەس کەســی تر وەڕس ناکا... هەست بە خەم و ترس ناکا... چی
دەنۆشیٚ، چی دەپۆشیٚ... ئامادەیەو پرس ناکا...

گۆشــتی مــەل و میوەی تــازە... نیگەران نین، هەمــووی هەر بە
کەیف وســازە... مولکــی زۆری بیٚ ئەندازە... هەمــووی عەنتیکەیەو
شــازە... هەرچی دەبینی نەخشــاوە... چلە گیایەك نەلەخشاوە... وای
لەو نگین و بەختەیان...ئاوریشــم و تــاج و تەختەیان...گوڵزارە ،
بەهارســتانە... باڵەخانە چراخانە... هەر ساتێکی ئەو ژیانە... هەموو
دنیای بەقوربانە...

ئــەوە ئاکامی ئیمان و چاکەکاریــی... بەختەوەریی... پایەداریی...
میوانداریی خــودای باری... ئیقامەیەك بە یەکجاریی... منداڵ وەك
دەنکە مرواری... خزمەت دەکەن، دەخنێنەوەو دەکەن یاری...

یــاران هەرکەس کەڵکەڵەی چوونە بەهەشــتی لە ســەردایە... با
خێراکاو لەخۆی رایە... چاکە بکاتە دەسمایە...





# هەیهو ئێمە بە جێ ماوین

دنیا گۆترەکاری نیە... ئەندازەیەو پێوانەیە... بۆ مرۆڤ میوانخانەیە... کێ خۆی بە میوان نەزانێت دێوانەیە...

ئەم دنیایە ئەو هاوکێشە ئاوکێشەیە... کە ڕوی ئەو دیوی دۆزەخ و ئائەو بەهەشتە خۆشەیە... ڕوی ئەمدیویشی ئەم دنیا جەنگەڵستان و بێشەیە...

میوانانی ئەم دنیایە وەکو ماسی تۆمارەکەن... ئەم چینە ناو تۆمارەکەن، چینەکەی پێشوو بارەکەن... بە کۆچ وبار دۆستان دڵ بریندارەکەن...

یاران چوون لە گوندو شاریان... نە دەنگیان ما نە ڕوخساریان... قەتارەی بەست کۆچ و باریان... بڕوانن چیخ و دەواریان...

یاران ڕۆیشتن، ئێمەش دەچین... نا کرێ نەچین ... .گەردنکەچین... شەمەندەفەری گۆڕستان چاوەڕێیە هەڵمانگرێ... فارغۆنەکان یەکجار

زۆرن، دڵنیا بن دەمانگرێ... دکتۆر، دەرمان، پینەو پەڕۆن، سەرناگرێ... دەرمانــی مردن ناگرێ... هەر کات کە هات چار ناگرێ... کەس خۆی لە بەردا ناگرێ...

بێــنِ بــا وەك ئــەوان ئازابین... بۆ خــواو بۆ خەڵك ســازابین... ئەوان (إِذْ قامُوا فَقالوا) کە هەســتابوون، نەوەستابوون... وەك دارچنار ڕاوەستابوون... لە یەك کاتدا وەك قوتابی مامۆستا بوون... بۆ قوتابیش مامۆستابوون... بۆ بانگەواز باش وەستا بوون...

مامۆســتای نەوەی نوێمان بوون... خەمخۆری شارو دێمان بوون... دەلیلــی کارو ڕێمان بــوون... هەزار ڕەحمەت لــە دوێنێتان... ئەمڕۆ خزمانو هاوڕێتان... ئەڵێین پێتان...

هەرچیتــان کرد، کردوکۆتان... خواوەنــد قبوڵیکا لێتان... ئێمەش بەڵێن دەدەین پێتان... بەردەوام بین لە سەر ڕێتان...

شــاهێدین کــە ئەو بەیعەتــەی لە گەردن بوو... کــە بۆ پەرچەم هەڵکــردن بــوو... کە بۆ خوا ڕازیکردن بوو... کــە لە نەفس ڕاکردن بوو... کە بۆ ســتەم لابردن بوو... کە شــۆڕش بەرپاکردن بوو... ماڵ و گیــان فیــدا کردن بوو... تا مردن بوو... هەتاکو ســەرتان نایەوە... پشتێنی بەیعەت لە پشتتان نەکرایەوە...

بــە کڵپەی گوڕو تینەوە... وابەســتەبوون بەم دینەوە... تەگبیرتان کرد... کۆبونەوە... بە دوعای (إِنَّكَ تَعْلَمْ أَنَّ هذهِ القُلُوبَ) دەستتان پێکرد... بە (ســبحانك اللهم ) لێبوونەوە... وەك پشکۆ هەر گەش بوونەوە... بۆ یــەك ڕۆژ ســارد نەبوونەوە... تــا دانە دانە لە ئێمە تــاك بوونەوە... ماشەڵا چەند زوو چوونەوە... گەر لێشمان دوور کەوتوونەوە... سوێند بــەو خوایــە لە بیر ئێمە نەچوونــەوە... یاران هــاکا هاتینەوە... بە یەکتری شاد بووینەوە... تا خەڵاتی خوا وەرگرین... لە بەهەشتا شوێن بگرین... بە خەندەو پێکەنینەوە تێر تێر یەك لە ئامێز گرین...


شارێك وا لە ناو شارێكا

له سـلێمانی و له کاتی درەنگی دەم ئێوارێکا... دەڕۆیشـتم... وێڵ بووبووم به دوای کارێکا... به لای سەیوانا تێپەڕیم... سەیوانی چی؟... شارێك وا له ناو شارێکا... له ناو شورەی سنوربەندی دیوارێکا...

شـارێك لەم شـارەی من جیایە... ئەم شارەی من، پڕ له دەنگ و له هەرایە... دەنگی پاساری و هۆڕین و گڤەی بایە... هاتوچۆو له دەرگادان و مەرحەبایە... جادەو کارگەی زەبەلاح وباق و برقی کارەبایە... مامەڵەیە جەنجاڵیـە... لەملا کـۆڵ و ڕاکەڕاکەو حەماڵیە... لەولاوە سـەیران و گەشت و بەتاڵیە... خەڵکی له سەر کورسی و قەنەفەو قاڵیە...

بەڵام ئەوێ زۆر جیاوازە... بێ نەخشەیەو بێ ئەندازە... بێ دەنگ و بێ سرکەو ڕازە... هەموو خەڵکەکەی بێنازە... کەسێك نابینرێ تیایا... سام دەتگرێ بڕۆی پیایا... ئەڵێ ی ئاشـی ئاو کەوتووە... هەموو به جارێ خەڵکەکەی لێ ی خەوتووە... هەر یەکەیان له سەر لای ڕاست لێ ی کەوتووە...

شـاری سـەیوان... بێ ئاوو بێ کارەبایە... هەر ژورێك کەسـێکی تیایە... بێ پەنجـەرەو بێ دەرگایە... ماڵەکانی هەر یەك جۆرو هەر یەك بارە... بێ ستون و بێ دیوارە... بێ حەوشەیەو بێ ستارە... لەو خاکـەدا دابڕاوە وەك موغارە... تەنها سـەربانەکەی دیارە.. کەس بۆ لای چەپ وەرناگەڕێ... هیچ کەس لەو خەوە قوڵەی خۆی ڕاناپەڕێ... کـەس به بەردەم ماڵی کەسـدا بۆ یەك جاریـش تێناپەڕێ... کپ و ماتن... ڕۆژیان شەوەو شەویان شەوەو هەر یەك کاتن... بێ ڕۆژژمێرو سەعاتن... ئاغاو سەردار بوونی نیە... هەموویان هەژارو لاتن...

وای لەم شارە... بێ نوسراوو هێمای ڕێ یە... کەس نازانێ ناونیشانی گـەڕەك و ماڵەکەی کوێیە... لـه کام جێیە ... له چوار دەوریدا کێی لێیە... تەنانەت ناشزانێ ناوی ئەو شارەی که ئەوی لێیە...

واقم وڕما له حەوشـەو بان و ماڵیان... له ڕۆژو وەرزو سـاڵیان... وای چەنـدە ڕوت و ڕەجاڵـن!... تەنیا باڵن... کوێرن، لاڵـن... له یەکتری بێ

هەواڵــن... ئەڵێی مەلی ســەربڕاون... لە ئازیزانی دنیایـــان دابڕاون... لە هەرچــی موڵك وماڵیانە ڕوت کــراون... ئەڵێ ی دەغڵن بە داس دروێنە کراون... ســواڵە ســواڵە دانراون... خۆیان نەچوون... بە ناچاری بە شانی خەڵك براون... هەر کەسێك سەرەی هاتووە... لە هاتن دوا نەکەوتووە...

وای چەنــد زۆرن ... هەمە جۆرن... شــێخ و مــەلا... پاڵەو فەلا... ســواڵکەر، چێوار... وەســتای دیوار... عەریزە نووس و نوشتە نووس... کوژراو لە ســەر پارەو ناموس... تاقانەی ئازیــزی ناو ماڵ... دارتاش، بەقاڵ... جەڕاح فیتەر... جاڕچی، میتەر... سۆفی و دەروێش... شوان و دانکێش... سەرکار، سەرباز... قەساب، کەوباز... دەرەجەداری سەربازی... سیخوڕ، پیاوکوژ، فەقێ، قازی... جاڕچی، کەبابچی، نانەوا... زەڕەنگەرو فەرمانڕەوا... ئاغاو نۆکەرو ئاســنگەر... شــاعیرو ئەدیب و مسگەر... هەرچی  ڕشــتەی ئەو شــارەیە... ئەگەر ژیرو خوێنــدەوارە... ئەگەر شــێت و پەتیارەیە... هەرچی ناوو ناونیشــانە... لێ ی کەوتوون لەو تیغە شانە... بێ جیاوازی کێل کراوە بە نیشانە... ئەگەر خراپ ئەگەر چابــن... هیچ کامیان لە خوا ون نابن... ئاماری کردون هەر هەموو... کەی و لە کوێ و چۆن و چی بوو... لێی ون نابێ یەك تاڵە موو...

وای لــەم جێگە نەهاتییە... لە دوای ئەو دنیا کاتییە... کە تەمەن تیای چەند درێژ بێ ... گەشتێکی یەك سەعاتییە...

بــەرزەخ قۆناغێکی ڕێیە... وەکو خــەوە... ئەو مردوانە هەروەکو کرمی ئاوریشــم چوونە ســوڕی قۆزاخەوە... بە ناو تونێلی بەرزەخا تێدەپەڕن... لە گەڵ شــەپوری دووهەمدا ڕادەپەڕن... قنج دەبنەوەو لە گــۆڕەکان دەردەپــەڕن... تا هەر یەك بۆ لایــەك برێن... خەڵات، یاخود ســزا درێــن... ئەگەر خەوتــووی زوو بێرە هــۆش... هاکا بۆ سەیوانی خامۆش... نۆرە گەیی بە من و تۆش...



# مەرگ بە ئاماژە دەڵێ

تەمەن وەکو گالیسکەیەو مرۆڤ بەرەوجێیەك دەبا... مەتەڵەیەکی ئاڵۆزە، بەڵام ناشێ مرۆڤی ژێر پەی پێ نەبا...

ئادەمیزاد لە تەمەنیا بە شاخێکدا هەڵدەگەڕێ... لە پێچەکانی ڕێگادا بە خێرایی تێدەپەڕێ... چاوی بڕیوەتە پارەو... شەیدای پارەو... یاری دنیا... کەچی یار لێی وەردەگەڕێ... مەرگ ساتێ لێی ناگەڕێ... کە گەیشتە سەر لوتکەکە... قاوی دەداو بە ئەو دیوا دادەگەڕێ...

ئامان سەرمایەی تەمەنت مەکە زایە... لێپرسینەوەی لە دوایە... زوو ئێوارەی تەمەن دایە... چەتری تەمەن تاسەر بۆت نابێ بەسایە... ئێستا زیندووی... خاوەنی گەنجینەی پڕی... هاکا

ئەجەل هات و گەنجینەکەی بڕی... سەرم سوڕماوە بۆ وڕی؟... بۆ پەردەی غەفڵەت نادڕی؟... بۆ بەم تەمەنەت بەهەشتی پێ ناکڕی؟... حەیفە کاری لامسەرلایی و ساردوسڕی... وتراوە (کات شمشێرێکە، یان ئەتبڕێ، یان ئەیبڕی)...

بەڵێ گیانە... مادەم بە مرۆڤ خوڵقاوی... خاوەن قاچ ودەم و چاوی... خەڵاتی مەزن کراوی... (خَلَقَكَ) تۆ سەرەتا هیچی... پوچی... تۆزێك ئاوی... (فَسَوّاكَ) لەکارگەیەکی گۆشتینا داڕێژراوی... وەك شەمامە نەخشێنراوی... لە جوانیدا بە فریشتە چوێنراوی... (فَعَدَّلَكَ) قنج و قیت ڕاوەستێنراوی... تۆ خۆت نەهاتی بۆ دنیا هێنراوی... خاوەن ماڵ نیت... میوانی، خوڵك کراوی... دوای چەند ژەمێك ئەبێ بچی... بۆ فەرمانی هاتنە دنیاو لێدەرچوونی گەردنکەچی...

لەخاڵێکی نەخشەی زەوی و لە خولێکی چەرخی زەمەن هاتیتە بوون... وەکو بەچکەی زەرنەقوتە زەردو زەبوون... لە ناو ڕەنج و ماندوبوونا... ڕاکەڕاکەو هاتوچوونا... بە ناو تونێلی تەمەنی توناوتوونا... وەکو ماسی لە ڕوباری تاوێك لێڵ و تاوێك ڕونا... هاتیتە بوون...

دنیا تاقیکردنەوەیە... گرێدان و کردنەوەیە... دۆڕاندن و بردنەوەیە... هەموو تاقی دەکرێینەوە... جوتیارێکین لە پاییزدا بۆ سەر خەرمان دەبرێینەوە... وەك چۆن هاتین و چۆن دەڕۆین، ئاواش زیندو دەکرێینەوە... جا لەوێ هەندێکمان سزاو هەندێك پاداشت دەدرێینەوە...

ئەم دنیایە ئەو کەسەی پێ ی دڵنیایە... مێشکی پڕ لە پوش و کایە... هیچ کەس نەمایەوە تیایا... ڕاستە وەکو بەهەشتێکەو...

سەیرانی شاخ و دەشتێکەو... سەردان و کورتە گەشتێکەو... عەنتیکەیە... زۆر شیرینەو... وەك هەنگوینەو... پڕ ئەوینەو... زەویەکی پڕ نیگارو... ئاسمانێکی بەرزو شینە، بەڵام هاکا مەرگ هات وتۆش وەکو پوش پۆڕ کەوتیتە تۆڕ... لێرە برای... لەولا تەنیا جێهێڵرای... تەسك و تاریك و نسرم... لەوێ بویتە مۆلگەی کرم... گۆشت لە جەستەکەت داکەوت... پەیکەری ئێسکت دەرکەوت... کەللەی سەرو چەڵەمەی شان... ئێسکی پەراسوو قۆڵ و ڕان... جومگەکانت لێك ترازان... یەك یەك پرتوکان و ڕزان...

جارجارەیەك مەرگ بە ئاماژە دەڵێ: (سەرقاڵ مەبە بەم جەنجاڵی و دەنگە دەنگە... فریاکەوە کات درەنگە!...) وەك تەلیسمێك دێتە بەرچاو... کە دێت و لێت دەکا سڵاو... لێت کۆدەکا ڕەتی بڵاو... قاچی کورسیت پێ لەق دەبن... چاوەکانت ئەبڵەق دەبن... کەچی تەنها تۆزی غەفڵەت تەکاندنە... لە پرخەی خەو هەستاندنە...

من خۆم جارێك ئەمەم بینی... نەخۆش کەوتم... تەخت کەوتم... لە جوڵەو تەکانم کەوتم... خەندەو قسەی خۆشم نەما... نەزەوقم ما، نەشەوقم ما... بورامەوەو هۆشم نەما... دەردم گران و کاری بوو... خوێنی هەناوم جاری بوو... وەهام زانی کۆچ و باری یەکجاری بوو... کەسوکارم بەسەرمدا داباریبوو... گشت هاتبوون لە ماڵم بوون... لە پاڵم بوون... زۆر نیگەرانی حاڵم بوون... پەرۆشی ناڵەناڵم بوون... گوێقوڵاخی هەواڵم بوون... مەرگ دەرگاکەی کردەوە... هەر ئابەم جلو بەرگەوە... چوومە ناو قورگی مەرگەوە... دوای ماوەیەك مەرگ ڕۆیشت و من مامەوە... میوەیەك بووم، دەستی هێنا بمکاتەوە، کەچی دەستی گێڕایەوەو نەکرامەوە..

مۆڵەتێکی پێدامەوە... بە زەبونی لە ڕویدا کڕوزامەوە: (تۆ کێی وادێی بە لامەوە؟...) هیچ وەڵامی نەدامەوە... ئەزانم دیسان

دێتەوە... نەئەو، نەئەم، نەتۆ، نەمن... کەسمانی بیر ناچێتەوە....

ئازیـــز وەکو چۆن ڕێبوارێ... لائەداتە ســەر کانی و سـێبەری دارێ... کاتیــە لادانەکەمان... وەك چۆن ئەوانی پێش ئێمە چوون و نەمــان... لەبەر زەبری مەرگا چەمــان... ئێمەش دەچین بەرەو نەمان...

جــا ئەگەر پیری یان لاوی... ئەزانم چەند ڕەت بلاوی... ئەلێی مزراحـــی گل دەخــۆی، بەلام ڕۆژێــك دێ لەجێدا ڕاکێشــراوی... زەردوزەبوون، ســت و خاوی... زیندوی بــەلام هەر بەناوی... بە چەرچەفێك داپۆشراوی... کەس وکار دەورەیانداوی... هەناسەکانت دەبژێرن ئاخۆ ماوی؟...

کۆتادیــدارە لەگەڵیــان... میوانی ناو هەموویانـــی... بۆ دواجار بۆیان دەڕوانی... کەس ناتوانێ تۆ پەنادا... وای لەبازاڕی خودادا... بانگت ناکەن... ناتدوێنن... بۆ حاڵی تۆ فرمێســك دادەبارێنن... بە لۆکەیەك ئــاو لە دەمت دەتکێنن... دەرد بێ چارە... کات دژوارە... بارت لارە... ئیتر کاتی کۆچ و بارە... ڕۆحت لەگەڵ دواهەناســەت کە دەردەچێ... بۆی دەردەچێ...

برای برام هاکا مرای... هاکا برای... ئەم دنیا گۆمێکی مەنگە... بازاڕێکــە، ژاوەژاوو دەنگەدەنگە... هێندە جــوان و ڕەنگاوڕەنگە... مرۆڤ سەرســام بووە تیایا... بیری نیە کە درەنگە... جا یان ژێرە وەکو هەنگە... یان وەك قالۆنچە دەبەنگە...

ئازیـــز پێش لەوەی چراکەت تاریك ببێ... ماڵی فراوانی دنیات قوڵ و تەســك و باریك ببێ... بەم دنیا مەبە دەســخەڕۆ... بەسەر ڕێگای ڕاستا بڕۆ... فریوی نەفسی خۆت مەخۆ... دووربە لە خوی گــزی و درۆ... بــەرەو ســەفەری قیامەتت بە دوو دەســتی خاڵی مەڕۆ....



# دەرمانی ڕۆح نەکو جەستە

هۆ مامۆستای مێزەر بە سەر... داری پڕ بەر، سایەو سێبەر... سڵاوی خوات بڕژێتە سەر...

هەوارگەی ئەویندارانی... سەرپێڕی ڕشتەدارانی... ڕمی سینەی نەیارانی... بۆنخۆشی وەکو نێرگزی... ناسك وەك نەرمە بارانی... غەرقی لە ڕەحمەتی خوادا... ئەفسوس ئەگەر پێی نەزانی... کە لە دوای خواو فریشتەکان... تۆش لە شاهێدی دەرانی... ڕێبواری ڕێی محەممەد و سەرجەمی پێغەمبەرانی...

بەندەی خودا وەك مەڕی ڕان... لە تاو هەڵپەی گورگ پەستە...

لە تاو ورگ ئەناڵێ وەك مارانگەســتە... مەردی خوا بە ڕامەوەستە... دە زوو هەســتە... دەرمانێکیــان بــۆ بنوێنە... دەرمانــی ڕۆح نەکو جەستە...

ئەم ئوممەتە لاشەیەکە... بۆ ئەم لاشەیە تۆ سەری... ئەم شەریعەتە خەرمانە... دەی دوو شــارا بنێ سەری... میحراب، مزگەوت، دوکانە... ئــەم دوکانە تۆی لە ســەری... بۆ فرۆشــی کاڵاکانت بــۆ ناگەڕێی بۆ مشــتەری... لەم لافاوی دنیایەدا... مامۆستا تۆ ڕزگارکەری... فارغۆن پڕکە لە سەرنشــین... شۆفێری شــەمەندەفەری... دەریای قیامەت لە ڕێتدایە... لەو دەریادا، پوش نیە دەســتی بۆ بەری... هەر کەس ئەو ڕۆژە گیر بخوا، بە دوو چەپۆك قوڕ بە سەری...

گرنگ قەدو باڵات نیە... گرنگ کارو ڕشتەکەتە... (اَلْمُؤتَمَنُ ضامِنٌ) ئەم ڕشــتەیەت ئەمانەتە... خوا میثاقی وەرگرتووە... بیخوێنەوە ئەو ئایەتە...

لە شــەتاوی ئەم قورئانە یەك شــاجۆگەت هەڵکردووە... قزلجی و نامی و پێنجوێنی... جێیان بۆ تۆ چۆڵ کردوەو میراتگری... لە گروپی بانگەوازدا... ئەندامی یان لایەنگری؟... گیانفیدای یاخود لاگری... (یَد) ی (عُلْیا)ت پێ باشترە... یان فێری گیپەو مامری؟... وەك لە ئەسراری شەریعەت لە خەڵکی تر زاناتری... ئەی چەند لەوان داناتری؟...

وای لەم کەشــە بەهارییە... بۆ جوتیارێ دەناڵێنێ... خۆری گەرم و خاکی تەڕو هەوریش باران دەبارێنێ... وەك کەروێشکە تەمبەڵەکە مەبە، کیسەڵ دەیباتەوە!... کەی لە مەلحەمەی خەیبەردا زانا پشتێن دەکاتەوە... شوان گەر ڕانی لە بەردا بێ... بە بێ خەم پاڵ ناداتەوە... قنوتێکــی بێ کــردەوە چۆن دەرگات لێ دەکاتەوە؟... با بزانی هەزار بەرتیل قەرزێکت بۆ ناداتەوە...



# بە گوێزمان زانی گزگل بوو

یاران سڵاو وەکو باران... وای چەند پێتان دڵخۆشەبم... بەم ڕوخسارە شیرینانە ئەوەندەی تر پەرۆشەبم...

یاران ئێوە میراتگری پێشینی بەڕێزو چاکن... گۆشکراوی شیری پاکن... بەرپرسیاری گەل و خاکن... قەڵغانی پارێزەریانن... دەرمانی سارێژکەریانن...

ئێوە چاون... ئێوە سەرن... درەختێکن، چوار وەرزەکەی ساڵ پڕبەرن... میراتبەری پێغەمبەرن... سەربازێکی ناو سەنگەرن... شاگردی قازی ڕابەرن... دین پەروەرو گەل پەروەرن... چاوەڕێ ی چین ؟... ڕامەوەستن هەڵمەت بەرن...

ئێوە شوانن... دەست بەشمشاڵ و گۆچانن... میللەت پەزن... مامۆستایان تو خوای مەزن... لێمەگەڕێن گورگی دووپێ بیاندزن... دوپشك و مار بیانگەزن...

وەك ئیمامن، ئیمامی چرا بە دەس بن... میهرەبان بن... فریادڕەس بن... بێ جیاوازی بۆ هەموولا خزم و کەس بن...

ئەو دادەیەی کە تارەبێ... ئەو لاوەی کە لە مەیخانە خومارەبێ... ئەو ڕۆڵەیەی لاسارەبێ... ئەو کەسەی بە دۆست نەناسین دوچارەبێ... ئەو درەختەی کە سێبەرەکەی خوارەبێ... ئەو میللەتەی کە توشی

شــەماقی دەبێ و ڕۆژی بە شــەوی تارەبێ... ئەرکــی ئێوە گرانەکا... خەندە بە قوڕ پێوانەکا...


ئەی نازانن تابلۆی ئیمان ڕەنگی دەوێ... شــانەی هەنگوین هەنگی دەوێ... جەنــگ پێویســتی جەنگی دەوێ... تــەرازوی ئەم بانگەوازە مامۆستای پارسەنگی دەوێ...

ئێرە شامی شەریف نیە لایەك بکە بەولاتەوە... وا سامیری دەمێکە پیش دەخواتەوە.. ماخۆلانی پێ کەوتووە بەلات و بە مەناتەوە... ئەڵێ مەلاو ڕۆشــنبیری؟... ئەو کاوێژەی عەفلــەق کردی دەیکاتەوە... دین لە ژین جیادەکاتەوە... شــیردا، بۆ داپیردا... پشــیلە دەیەوێ داپیرە کلکەکەی پێ بداتەوە... هاوارەکا... ئەناڵێ شــین و زارەکا... فریاکەون دیــن هاتــەوە... دین زوخــاوی جەرگیانە... پەلەقــاژەی مەرگیانە... خەڵکی زانی یارۆ نەخشــەی چەندین ساڵە... کاڵەك نیە گرکە تاڵە... نەخشەکەیان هەڵوەشاوە... ئەڵێی کورتانی دەجاڵە...

بینیتان چۆن تونس فەرشە کۆنەی تەکان... تەخت و بەختیان بەو دیکتاتۆرە هەڵتەکان... واچەوســاوەی چەندین ساڵە کەوتنە تەکان... گوێتان لێیە دروشمەکان.. (تف لە ئامون... تف لە بت و بتخانەکان... ئــەی فیرعەون، ئەی کەللەپوت... وشــك بــێ داری ژەقنەموت...) جا بڕوانن بت تاشــەکان... قــوڕ ئەپێون بۆ دامەکەو بۆ داشــەکان... وا ئۆباماو ئێهود باراك دەگرین بۆ جاشە باشەکان..

تاکەی ئوممەت زەلزەلەی بێ... چۆپی باداو هەلهەلەی بێ...

فەرمایشــتی عەلمانیەت قسەی زل بوو... بە گوێزمان زانی گزگل بوو... داخی جەرگم... هێشــتاکو لەم گەل و هۆزە... زۆر کەس هەیە بە گزگل هەر ئەڵێ گوێزە... مامۆستایان زانیتان گەل بۆ کەساسن؟... هەندێکیــان تێناگەن کاســن... دە گوێزیان پێ بناســێنن... با خۆیان گزگل بناسن...


بۆتۆناشێ تۆ ڕابەری

برای زانا ســڵاو ســڵاو... بۆنی ســڵاو عەترو گوڵاو... ســڵاو لە ناخ، لە ڕوخســارت... لە گەشــتی دێهات و شارت ... لەو دڵەت پڕ لە خۆزگەیە... لە مینبەرو لە وتارت...

خاوەنی ئەرکی پیرۆزی... میهرەبانی، دڵ بە سۆزی... دەلیلی ناو گەل و هۆزی... بە ئایەتی (يَرْفَعِ اللهُ) پلەت بڵندو ســەنگینە... بەخ، هەزار بەخ، لەو نگینە... بەخ لەو حورمەتەی تۆ هەتە... بەرەکەتە.. وا نەزانی لەبەر قەدو قیافەتە... هەمووی فەزڵی شەریعەتە...

بەڵێ هەرکەس پلەی هەیە، مایەی هەیە... بەڵام چەترو ســایەی هەیە... جا بزانە ســایەداری؟... سایەت بڵێسەی ئیمانە... ئارامی ناو دڵەکانە... دەست گرتنی بەندەکانە... ئیمامیی نوێژو ژیانە...

هەرچەنــد زانــا ئەرکــی قــورس و ڕەت بڵاوە ؛ ســەرە، چاوە، خۆرەتاوە ... شۆڕەســوارە... خوێنی دڵ و شادەمارە... تیماری دەردو ئازارە... ســوێند بەو خوایەی هەر خۆی خوایە... گەر لەم ئەرکەی بێتە دواوە... بەهاو نرخی لەدەســت داوە... چەند قەبە بێ؛ تەنها نــاوە... هەڕەشــەی خوای بە دوو نمونەی دڵتەزێــن لێکراوە... هەر کــەس لای خوا بێ ئەرزش بێ؛ داواڵێکەو تەنها بۆ پاســی چۆلەکە هەڵکراوە...

برای زانا بەیعەتێکەو بە خوات داوە... ماڵو گیانت فرۆشراوەو... بە ئایەتی (فَاسْتَبْشِروا بِبَيْعِكُمْ) مۆر کراوە... بەهەشت لە باجیا دراوە... تا ڕۆح لە جەستەتدا ماوە... لەدنیاو دینی ئەو گەلە بەرپرسیاری... کام گەل ؟ گەلی نەحەساوە... کە تاساوە... بە شریقە بەنج کراوە... خوێن لێ ی ئەتکێ لە سەد لاوە... ئەناڵێ بەو ژانانەوە... کاکی زانا خەو بەســەر چوو... فەرموو ڕادە مەیدانەوە... کێ وەك (ناصر) لە خەو ڕابوو... سەدان خەوتووی بوژانەوە... واز بێنە لە بیرە بیرەی پاڵدانەوە... وەك پیر لای ئاگردانەوە... وای لەو شــوانەی کە ناچێ

بە لای ڕانەوە... ڕانیش دابڕ دابڕ بووبێ بە جەنگەڵ و هەردانەوە... یەکێ بە کورتە شەڕواڵی کاروان لە ڕێ ئەوق دەکا... یەکێ تر بە (شەلم کوێرم ناپارێزم) جەیشی فاتیح تەوق دەکا...

بـــرای زانا تۆ پزیشـــکی، چارەســـەری... بزانـــە دەم بۆ کام باس بەری... کام زامەی گەل ترسناکە پێشتر دەرمان بخە سەری... تێکەڵ و پێکەڵی مەکە... گەر وابێ گەل قوڕ بە سەری... کاری بێ نەخشەو بەرنامە بۆ تۆ ناشـــێ تۆ ڕابەری... تۆ شۆفێری نەفەر بەری... ئەبێ بزانی سەر نشینی ئەم پاسەی خۆت بۆ کوێ بەری... بەهرەیەك خوا بە تۆی داوە؛ کەس نیەتی مرۆو پەری... زەڕەنگەری... عەترفرۆشی... خاوەن ســـەد عەترو عەنبەری... دەی بۆ بازاڕەکەی ئیســـلام چەند کەس دەکەی بە مشتەری... بەرەو بەهەشت ئەیخەیتە ڕێ و... گوڵ ئەدەی لە تەوقی سەری...

ئەحبـــارو ڕوهبانی پێشـــوو... گـــەڕان لە دوای تیکـــەی چەور... پاشـــا وەکو داشـــی دامە بە ئەوانی دەدا دەور... تـــۆ بۆ قەلەندەری زەمان.. ئامان، ئامان... ســـێبەر نەکـــەی وەکو هەور... جەریمەی بۆ نەشەرعێنی... نەبیە داری کلکە تەور...

بـــرای زانا ئەو کەســـەی بە تەنیـــا بژی... بە کـــێ بڵێ بمرێ و بژی... عەللامەی یا تازەکاری... گەر لە ناو شانەدا ڕیز بووی... هەر وەکـــو دانەی هەناری... جا دەبیە دەنکە مرواری... جۆگەلەی ســـەر بە ڕوباری... ماڵی گەڕەکێکی شاری... ڕامەوەستە لە دوورەوە... گەر شانەی هەنگوینت دەوێ... فەرموو وەرە ناو پورەوە...



# له لای پێڵاوەکانتە

سڵاو، هەزار سڵاو دایە... هەتا ماوم قوربانت بم... بۆ ئەو هەموو فیداکاریەت بە ساقەی چاوەکانت بم... سوێند بێت تا بەسەر زیندوو بم، گوێڕایەڵی فەرمانت بم... بۆ نەخۆشـــی و پیری تەمەن، دەست بە کەوش و گۆچانت بم...

له داماویمدا فیدام بووی... تاقە دەلیلی ڕێگام بووی... لە دوای خوا قەڵاو پەنام بووی... تۆ هیوام بووی... لە شـــەوی ژینا چرام بووی... پێدەری قوت و دەوام بووی... یەکەم مامۆستای دنیام بووی...

شـــانازیمە دایەی منی... من بەرهەم تۆ کارگەی منی... بەڕاستی سەربازی ونی... خۆشەویستی دڵی منی... پەپوولەم تۆ گوڵی منی... پەککـــو چەنـــدە لام مەزنی... گیانم فیـــدای چاوانتە... مەقامی من

لەچاو تۆدا، لەلای پێڵاوەکانتە...

تۆ دایەمی... دەســمایەمی... چەترو ســابات و سایەمی... تۆ ماموٚستای لایلایەمی... دڵسۆزی ئەم دنیایەمی... تۆ وەسیەتی ئەو خوایەمی؛ کە بە مرۆڤ بەدی هێنام... تاجی ڕێز بوو لەسەری نــام... پێغەمبەرێکی بۆ ناردم... جارلەدوای جار ڕایســپاردم... (بۆ خوداوەنــد بەندایەتی و، باب و دایکیــش ڕەفتارجوانی...) هەڵنەشــاخێم بەڕویانا... ئۆفێك نەڵێــم بەنادانی... خزمەتکار بــم هەرچیــم توانــی... نەخــوازەڵا لەپیریــدا، ڕاخــەم باڵی میهرەبانی...

ئــەی دایە گیان: بە ژان هەڵت گرتــم و داتنام... پیس و پۆخڵ و گرینــۆك... لوت چڵماوی و چاو بەڕیپۆق... کەچی لەجێی دوعاو چەپۆك... خزمەتی خۆت وەکو باران... بەســەر ســەرمدا داباران... ژێــرت کردم... داتشــۆردم، خاوێنت کردم... لــە ئامێزتا پەناتدام و لەســینەت تێر شــیرت کردم... دارەدارە دەســتت گرتم... وشە وشە فێرت کردم...

(وَ بَرًا بِوالِدَتي) وتەی عیسا پێغەمبەرە... مافی دایك لەچاو باوك، گەورەیەو سێ بەرامبەرە... سەفاو مەروەی حاجی لە حەج شاگردیی خاتوو هاجەرە...

کێ بــێ ئەوەندە نەزان بێ... کە فەرمانی خوا بشــکێنێ،،، وەك پاڵــەوان خــۆی بنوێنــێ... بەدایکیــدا هەڵشــاخێت و بگرمێنێ... بیرەنجێنێ... شــاری دینی بســوتێنێ... دەبا منداڵێك ببینێ کە لە دایکــی دابــڕاوە... چۆن وەك مەلی باڵ شــکاوە... وەك ماســتێکی بزڕکاوە... قژە خاوەکەی شێواوە... تا ژێری بەر خۆی بێتەوە... وەك تەور خۆی نەبڕێتەوە...


توانیت دایکە پێغەمبەر بی

دایکە ڕوناکیماڵمی... تۆ ئەرخەوانی ئاڵمی... تۆ یەکەم مامۆستای من و تۆ وەك خەرمانی ساڵمی...

ئـاڵام بە تۆ شـەکاوەیە... کەپرم بە تۆ کەژاوەیـە... ماڵم بێ تۆ کەلاوەیە... چرام بێ تۆ کوژاوەیە...

ئەو پەنجەیەی پێی دەنوسـم... ئـەو چاوانەی هەڵیاندێنم... ئەو قاچانەی کە پێی دەڕۆم... ئەو دڵەی تورومپای خوێنم... دایکە ڕوناکی چاوانم... لە دوای خوا لە تۆی دەزانم... چاولەبەری هەمویانم...

تۆ مەشخەڵی... تۆ پەیامی... تۆ دایکی... مامۆستامی... تۆ سەلامی... تۆ کەلامی... تۆ چارەسـەرو دەوامی... تـۆ چاویلکەو تۆ چرامی... لە دوای خودا تۆ هانامی... تۆ پەنامی...

دایە گیان شـەرمە گەر بڵێم... گـوێ ڕابگرە با پێت بڵێم : بەری چـاوت با تەم نەبێ.. ئەرکی خۆتت پێ کـەم نەبێ... گەر نەتتوانی پێغەمبـەر بی... توانیت دایکـە پێغەمبەر بی... تۆ بووی لە ئامێزت گرتن... فێرت کردن... وەك مامۆستا ڕاتهێنان و بۆ مەزنترین ئامانجی ئەم ژیانە ڕێت پێ گرتن...

کـە یەکەمجار قورئان لە بۆ پێغەمبەرمـان نێررایە خوار... زۆر سەنگین بوو... خۆی ڕانەگرت... لە غارەوە ڕێی ماڵی گرت... خەدیجە هات بە لایەوە... ژیرانە دڵی دایەوە... تاکو ئەرکە سەنگینەکەی سانا ببـێ بە لایەوە... یا خـوا خوا لێ ی ببێ ڕازی... لێی نەگەڕا بە بێ نازی... بەم کۆڵی بانگەوازەوە... ئا بەو هەورازو هەردەوە... بە ماڵی خۆی... بە گیانی خۆی... فیدای ئەو بوو... هەر لە سەری دەکردەوە... ڕۆژێك بیانوی پێ نەگرت و... جارێك ساردی نەکردەوە...

تۆش دەتوانی وەکو ئەو بی... وەك ئاسیە فیداکارو... وەك خەدیجە بە پرتەو بی..

دایکــی ئازیز: گەر دەتەوێ گۆڕی تارت... ڕوناك و گوڵ و گوڵزار بێ... گەر دەتەوێ کارەکانت قبوڵی پەروەردگار بێ... ئەم ئاواتە ئازایی و هیممەتــی دەوێ... دەی قۆڵــی مەردی لێ هەڵکەو زوو لێنەوێ... با ئەم دینی خوا ســەرکەوێ... با خۆری ئیســلام هەڵبێت و لە ئاسـۆی ڕوونا دەرکەوێ... وا خەڵکی یوسف دەکڕن... با تۆش وەکو داپیرەکە... ناوی مشتەریت بەرکەوێ...

بــا دڵەکــەت بۆ بانگــەواز هێلانەبــێ... بــا ماڵەکەت بــۆ قورئان قوتابخانەبێ... ڕۆڵەت هاندە با لە دەوری چرای ئیسلام پەروانە بێ...

چاك بزانە ئەو ڕۆڵەت کە دین پەروەرە... کە شاگردی پێغەمبەرە... لە دنیادا ڕێزت دەگرێ... لە سایەیدا دەڵێ ی ئۆخەی... وەکو دارێکی پڕبــەرە... کیژۆڵە ئیماندارەکــەت ... ئاڵتونــە، دوڕە، گەوهەرە... لە قیامەتیش شانازیە لە خزمەتی پێغەمبەرا...

جاران ماڵمان ئاوەدان بوو... زایەڵەی وانەی قورئان بوو... باسمان هەر باســی ئیمان و هەر سەرگوزشتەی یاران بوو... هەوارگەی ماڵ و کەپرمان... جێگای پشوی ڕێبواران بوو...

ئــەی دایە گیان: کوا ئــەو تین و تاوەی جاران... کوا مەجلیســی زیکری یاران... تو خوا کوێڕا تۆزی غەفڵەت نیشتە سەرمان... کراسی مۆدێلی ئەمڕۆ کێ هێنای و کردیە بەرمان...

تــو خوا دایکان با ئەمڕۆمان وەکو دوێنــێ لێکەینەوە... ببین بە خۆر لە ئاسـۆدا هەڵبێینەوە... وەك درەختێکی بەهاریی بژێینەوە... وەك چرۆی گوڵ بۆ بانگەواز بکرێینەوە...



# کە دایکم مرد

ئادەمیــزاد کە میوانی ئەم دنیایە... تەمەنــی کورت و کۆتایە... لەدایك بوون و  مردنی زۆر خێرایە... تێدەپەڕێ دەڵێی بایە... ژیانی وەك بەهــاری پڕ گوڵ و گیایە.. کەچی پاییزی وەك قیامەت خێرا ڕایە... هێندەی زانی لە خاکدایە... دوێ کۆڵ بەکۆڵ، لە شیوودۆڵ... ئەمڕۆ هەواری چۆڵوهۆڵ... قەنەفەو هۆڵ گۆڕا بە خۆڵ...

ئادەمیــزاد لەم بەهــارە دوابڕاوە... وەچەو بــاوان لە دوو لاوە دەوریداوە... قەد لەســەر ڕەگ ڕاوەستاوە... بە پەلوپۆ داپۆشراوە... مــرۆڤ قــەدی ئەو دارەیــە... ڕەگەکەی بابەو دایەیــە... گەر ئەو دوانە چوارگۆشە بن، سێ گۆشەیان هی دایەیە... دایە لە دوای خوا سایەیە... گەنجینەیە، دەسمایەیە... ئەو مامۆستای یەکەم بەستەی لایلایەیە...

وای ئێمە چەند کپ و کاسین... تا دایە نەمرێ نایناسین... خۆ دایکی من تەمەندار بوو... قاچ شکاوو دەستبە دار بوو... کەچی کە مرد، کسپەیەك هەڵی چۆقاندم... خەمی بەسەرا باراندم... وا گوڵی دڵی ژاکاندم، پاییزم هات، گەڵام وەری... دەریای مێشکم تاساندمی بە شەپۆلی یاداوەری... وامزانی منداڵ بوومەوە... چوومە تەمەنی زوومەوە... ئەو کاتەی کە شیری ئەدام، بەرگی دەکرد بە بەرمدا... لە باوەشـیا ئەیخەواندم و ڕایئەکێشـام لـە جێگایەکی گەرمدا... لێفەی ئەدا -بە ئەسپایی- بە سەرمدا...

دایکێکی دڵسۆزم بوو... هاناو هەم چارەدۆزم بوو... چاودێرم بوو، قوربانم بوو... نەمام بووم، باخەوانم بوو... قەڵا بووم، پاسـەوانم بـوو... من گەشـتیار بووم، ئەو کوێسـتان و گەرمێنـم بوو... کە سـەرما یان گەرمام دەبوو... هەتاوو باوەشـێنم بوو... لە هەنسکو گریانمدا دەنگی ئەو خەمرەوێنم بوو...

ئـەی دایە گیـان: پەروانەکەی ژیانی من... ئـەی (چامە)ی ناو دیوانی من... هاوکارم بووی تا تێبگەم... دەسبارم بووی تا پێبگەم... تێرکردنم... شـۆردن و خاوێن کردنم... هەڵگرتنم... ژیر کردنم... شەقشـەقەو یاری کردنم... لوت سـڕینم... ملیوانە چاك کردنم... (گیان)ی تۆ بۆ بانگ کردنم... تا قژ بۆ شانە کردنم... وشەو ڕستە فێر کردنم... نینۆکی پەنجە کردنم... قۆپچەی کراس داخسـتنم... تـۆ دارەدارەت پێ کـردم، پێت پێ گرتـم... چەندەها یاریت فێر کـردم... تۆ بـۆ قوتابخانەت بردم... فێری پـارەو پاروت کردم... هێندەت چاکە لە گەڵ کردم، تۆ نەبوویتایە دایە گیان یان بێنازو داماو ئەبووم یان ئەمردم...

بۆچـی مـن هەر ئـەم لاوە بووم؟... ئـەم پیاوە بـووم؟... یان سـەرەتا مەلۆتکە بووم ... بێچویەکـی زەڕنەقوتەی داماوە بووم...

له پەڕۆوپاڵی بێشـــکەدا پێچراوە بووم... نە تیکەم بوو، نەبانگ و نە هاوارم بوو... نە فیکەم بوو، نە تواناى پەلامارم بوو... نە دانم بوو، نە ئارەزووی نانو گوێزو خەیارم بوو...

کە دەکەوتم بەســـەر دەمدا... تۆبووی وەرتدەگەڕاندم... لیکەکەی دەممت دەســـڕی... سەرو پشـــتت دەخوراندم... مەلەت ئەدام... دلۆپ دلۆپ میوەت لەدەم دەتکاندم... بەدەســـت هەڵت دەپەڕاندم... خاڵەو مامەو کاکەو دادەت پێ ناساندم... نەمئەتوانی مێشێك لەدەمی خۆم دەرکەم، بیجامەکەی خۆم هەڵکێشم... دانیشم، یان خۆم ڕاکێشم... لەو تورە بم، بەوا کێشم... گەر عەیبوعارم دەرکەوت خۆم داپۆشم...

بـــۆ ئازارو سەرشـــکانم... ســـەدجار ئەبووی بـــە قوربانم... بۆ سەرماو کۆڵنجەکانم... هەوریت ئەگرتە ناوشانم... کە دەچووم بۆ قوتابخانە، خەمخۆر بووی بۆ جانتای شانم... قەیتانی پێڵاوەکانم... قەڵەمو پارەی گیرفانم... جا ئامۆژگاریت دەکردم... تا دەرگا بەڕێت دەکردم... من خنچەخنچ ئەڕۆیشتم و، هەتا لە چاوت ون ئەبووم، ئەوەستای سەیرت دەکردم...

هانایەکی بە جۆشـــم بووی... چاودێرم بووی، پەرۆشم بووی... مامۆستای نازفرۆشم بووی... دەوای لاشەی نەخۆشم بووی...

تۆ فێرت کردم نان بخۆم... دەست و ڕوخساری خۆم بشۆم... بێمو بـــڕۆم... وا متمانـــە بکەم بە خۆم، کە گیـــر نەخۆم... پێت دەوتم: (ڕۆڵە قەزات لە من کەوێ... مەرگی من پێش مەرگت کەوێ...)

دایـــە گیان لەبیـــرم ناچێ هەواری ژورو ماڵەکەت... ڕوخســـارە جوانـــە کاڵەکەت... هەوری ســـەرو دەســـماڵەکەت... میوەی جوانو چەرەســـو قۆریـــو پیاڵەکـــەت... نزاکانی چێشـــتەنگاوو شـــەوانی ســـەر بەرماڵەکەت... ڕۆژوی سوننەتی ســـاڵەکەت... جارجارێکیش نەخۆشیو ناڵەناڵەکەت...

بیرم ناچێ ژوری ئاوا بە میوانت... کڕنۆشــی شەونوێژەکانت... وتە ناسکو نەرمەکانت... گەردن ئازادیی جەژنانت... کە لە مزگەوت دەهاتمەوە... ســڵاوێکم لێ دەکردی... دەســتەکانم ماچ دەکردی... جەژنــم لێ پیــرۆز دەکردی... وای چەند دڵخۆشــت دەکردم... کە دەســتت لە مل دەکردم... تۆش جەژنت پیرۆز دەکردم... گەردنت ئازاد دەکردم...

بە ویســتی خوا لە پیریدا نەخۆشیەك ڕوی تێکردی... سوپاس بۆ خوا پێی نەمردی... بەڵام وا بێ توانای کردی، ساڵەهای ساڵ لە گەشتو گەڕانی کردی...

بــە دەورتــدا هەڵدەســوڕام... بــۆ شــیفاو عاقیبــەت خێریت هەڵدەکوڕام... پێم دەوتی: (خزمەتت بۆم شــانازییە... تۆ ڕازیکەم خوا ڕازیە... ئەگەر تا قاچم ســڕ دەبێ لە خزمەتتا بە پێوە بم... ســەدجاربۆ دەرمانێکی تۆ بە ڕێوە بم... گەر کۆڵکێشی بەردی ئەو شــاخو کێوە بم... تاکو تۆ لێم ببی ڕازی... تا نەتبینم بە بێنازی، بەختەوەرم... پێڵاوی تۆ لەسەر سەرم...

دڵم لێی دابوو کە دەڕۆی... شیرین بووبووی بە لامەوە... سوێند بەو خوایە، بە حەقدە ســاڵی نەخۆشیت نەبێزرابووی بەلامەوە... تۆ ڕوناکی ژیانم بووی... ســێبەری ڕەشدەوارم بووی... تۆ پێوەری ئیمانم بووی... گوڵــزاری نەوبەهارم بووی... ڕوناکی هەردو چاوم بووی... خوێنی ناو شادەمارم بووی...

خەجاڵەت خۆم کە ســەرقاڵ بــووم... کەم لە ماڵبووم... ئەرك زۆرو تەنیــا باڵ بووم... مامەخەمەی هــەزار ماڵبووم... خاوەنی ژنو مناڵبووم... وەك پێویست نازم نەکێشای... بۆ خزمەتت کرچو کاڵ بووم...

کە دەتزانی دەچم بەرەو سلێمانی... بۆ چەند شت ڕاتدەسپاردم...

بۆ سەردانی خزمو کەسوکار دەتناردم... فەرمانتم بەجێ دەهانی... هەرچیت فەرموبوو دەمهانی... چاك دەمزانی..بە هاتنەوەم شادمانی... چاوەڕوانی هەواڵی خزمان بزانی... کە بۆ ماڵ دەگەڕامەوە... تاوێك لەلات دەمامەوە... بە بینینت وەکو گوڵ دەگەشامەوە... چایەکت بۆ تێدەکردم، بەجارێ دەحەسـامەوە... (ئـێ ڕۆڵە گیان: کوێ چووی؟ کێـت دی؟ چیت هێناوە؟)... لە نوکـەوە لە خزمەتتا هەموویم دە گێڕایـەوە... چۆن لە ماڵەوە دەرچووبـووم... لە گەڵ کێداو بەچی چووبـووم... بـۆ کام ماڵ و کام جێ چووبـووم... (ڕۆڵە گیان دەك ئافەریـنـم... یا ڕەبی مەرگت نەبینم)... ئەمـن (گوڵ) بووم... (نزا) کانـت ئاودانم بوو... بۆ چەند بەڵا قەڵغانـم بوو... (ڕەزامەندیت) نەجمەو مەدلیای شانم بوو... سەربەرزی ڕۆژەکانم بوو... ئاسودەیی شـەوانم بوو... ڕەزامەندی تۆ دایـە گیان، نهێنی بەهرەکانم بوو... بەرەکەتی گیرفانم بوو... کەفارەتی تاوانم بوو..

بەروار ٢١ ی ٤ بوو ... کات بەهار بوو... ڕێواسو مەنێی کوێستانم بـۆ هێنابـووی... لام دانابووی... دەسـتت لە ناو دەسـتمدا بوو... جەڵتـە لێـی دای ژاکاندتی... زۆر هاوارم کرد دایـە گیان... وەڵام نەبوو، وەسـتاندتی... حەبەکەم خسـتە ناو دەمت... چاوت نیشتو خەواندتـی... وەك مەل فڕیم بۆ چارەسـەر... ڕێی چەند دکتۆرم گرتە بەر... دوای نۆ ڕۆژ لە نە خۆشـخانە دەرمانکردی... لە ماڵ جێمان بۆ خۆش کردی... بە هەمومان هەرچی کرا بۆمات کردی... کە ئەمبینی لێوبەباری... زەبون دیاری... نەخۆشیت نیە تیماری... چەنـد بێ حاڵـی، چۆن دەناڵی، ڕائەوەسـتام بەلاتەوە... ملم ئەنا بەلارەوە... فرمێسـکەکان بە ڕومەتمـا دائەچۆڕانە خوارەوە... من ئەگریـام، تۆ ئەتڕوانی... ئەتویسـت بڵێی ڕۆڵە مەگری... ئاگام لێ بـوو نەتئەتوانی... کە ئەمزانی نابێ بگریم، گریان دڵت ئازارەدا...

ڕوم ئەچەرخان بەو بارەدا... خەجاڵەت خۆم، تازە فرمێسکم دەسڕیو لە چاوی تۆم حەشارەدا...

سێ مانـــگ بــەو حاڵە مایتـــەوە... لەپـــڕ ڕۆژێك بــۆ دوایین جــار دارایتـــەوە... چرایەك بـــووی کوژایتەوە... بـــەرەو قیامەت گەڕایتـــەوە... مەلی ڕۆح لە قەفەس دەرچوو، تە نها بە جەســـتە مایتەوە... بەدەســـتی خۆم کفنم کـــردی... بەرەو مزگەوت بەڕێم کردی... لە گەڵ دۆســـتان هەموو نوێژمان لەسەر کردی... بەرەو مەنزڵـــی بەرزەخت بـــۆ دواجار بەڕێمان کـــردی... ئۆغرت خێر دایـــەی دڵپاك... لە خاك هاتیو چوویتەوە خاك... فریشـــتە گیان وەریبگرە... دایکەزەوی بۆ ڕۆژی خۆی هەڵیبگرە... ئینشائەڵا ئەو ناو گڵە... باخچەیەکی پڕ لە گوڵە...

ئازیـــز هەتا دایکت ماوە... هەتا ڕوی وەرنەچەرخاوە... ســـەدجار ببە بەقوربانی... پێشکەشـــی کە هەرچیـــت توانی... پولۆپارە بۆچی باشە، ئەگەر نەیدەی بە دەرمانی... بە چاویلکەو بە گۆچانی... گۆشتو میـــوەو ئاوو نانی... نەکەی ئامان، بە گەوجێتی و بە نەزانی... ملت بـــادەی لە فەرمانی... باڵـــی میهرەبانی ڕاخە، با قاچی بنێتە بانی... گیانی شیرینیش فیداکەی تەواو نابێ قەرزەکانی... شوێنی خۆتت لێ تێك نەچێ... ئەگەر شـــوانی، ئەگەر خانی... وای لەلای پێڵاوەکانی... (بەهەشت لە ژێر پێی دایکە) مەگەر نەتبیستووە، نایزانی؟...

بڵـــێ دایکـــە ئازیزەکەم: گەزیـــزەی دەم پاییزەکـــەم... پێم پیا بنـــێ، ڕێـــگام، پردم... دەســـتت دەگرم، وەك چۆن دوێنێ دەســـتت گرتم... بە کۆڵ ســـەدجار هەڵتدەگرم، وەك بە باوەش هەڵتگرتم... خزمەتکارم، وەك چۆن تـــۆ خزمەتت کردم... من نەونەمامەکەی زووتم... کۆرپەی بەشیر گۆشکردووتم... گەر خوانەکا بترەنجێنم، کەڵلەپوتم، مردوویەکی ناو تابوتم...

بلێ دایکە ئازیزەکەم: بە ڕوی تۆدا هەڵناشاخێم، ئۆفێك ناکەم... پەروەردەی ئەو دینە پاکەم... دایکە داری پڕ بەرمی... ساباتو هەم سێبەرمی... ڕەزو باخو دێبەرمی... تۆ تاجی لەسەر سەرمی... وەسێتی پێغەمبەرمی... بۆ ساغیو ناساغی ئیمان پێوەرمی...

با بزانی ئەو دارە، تۆ وەچەی ئەوی... نەکەی قسەی پێ ببڕی... نەکەی لە ڕێ پێشیکەوی... پەرۆشبە بۆ ڕۆژو شەوی... بۆ نانو جلو جێی خەوی... ئەگەر گەورەی، ئەگەر لاوی... وانەزانی قارچکێکی هەڵتۆقاوی... نۆ مانگ بەسك هەڵگیراوی... بە کسپەی ژان دانراوی... بەشیری ئەو گۆشگراوی... هەزاراں جار داشۆرراوی... نەکەی پێی بڵێی (ساویلکەی، وەی دایە تۆ چەند داماوی)... ئەو داماوبێ، تۆ داماوی... داوەشاوی... ئەو بڕەنجێ، تۆ لای خواو خەڵك بەدناوی...

هەر بەڵێ بەسەرچاوت بێ... هەر (دایە گیان)ی پێ بێژی... گەر وانەکەی، خوانەخواستە داخی خۆتی پێ برێژی... باخی دینت دەسوتێنی ... بە خوا وەزیریش بی گێژی...

هەتا ماوە قوربانیبە... سەدجار باڵاگەردانیبە... خزمەتکاری ژیانیبە... نەکو لە پاشی مردنی... شینو زاریو باسکردنی... قوربانیو حەج بۆ کردنی... هاکا قەدەر دەرفەتی لەدەست دەرکردی... وەك من بێ دایکی کردی...








CamScanner

لـە مێژوودا، پێغەمبەران ڕابەرو دەسـت بە ئـاڵا بوون... پاك و سـەنگین و باڵا بوون... گشـت وەسـتا بوون بۆ یەك دیوار... هاتن بۆ یەك ئامانج و کار... هەموو گوستاخ و تازەدەم... ئاڵا لە ئەو دەدرا بە ئەم... تا نۆرە گەیشتە خاتەم... ئەرکێ قورس و کاتێکی کەم... کە لە (حەررا)ی غار هاتە خوار... سوتا بۆ کار، هەر وەکو شەم... سڵاو گەورە کوڕی ئادەم... هاتی مرۆڤ دەربهێنی، لە لیتاوی جەورو ستەم...

مەککەییـەکان بـە فێڵبـازی... کـە بـە کەعبـەی ئیبراهیمدا دەیاننازی... ویسـتیان بە ئافرەت و پـارە هەڵخەڵەتێ و ببێ ڕازی.. بـەڵام نەك هەر نەبوو ڕازی؛ نەدەسـرەوت... بینیان کاروانی ئیمان قۆناغ قۆناغ پێشـدەکەوت... سـەد تەڵەیان بۆ نایەوە تا تێیکەوێ... نەبـادا ڕۆژێك سـەرکەوێ... خـۆر لە کەلدا دەربکـەوێ... جڵەو لە دەستیان داکەوێ...

بۆیە بە توانجی ناشیرین... پڕوپاگەندەو پێکەنین... کوشت و بڕو چاو هەڵکەنین... وەها تەنگیان پێهەڵچنین... بە دڕك وداڵ دەوریان تەنین...

بێئاگابوون، دوا پێغەمبەرە نێرراوە... وەك تیغێکی تازەسـاوە... باخـی گوڵەو لە گشـت لاوە... ژنە، پیاوە، تـازەلاوە... وەکو هەنگ دەوردەیانداوە... شۆڕشـێکە وەك لافـاوە... (وَاللهُ مُتِمُّ نُورِهِ)... کێ فوو بکا لەو چرایە؛ چڕوچاوی پڕوزاوە...

دوای (١٣) سـاڵ... لەو گەمارۆو مشـت ومڕو ڕێ تەنینە... نوری ئەم خۆرە بەتینە... پرشـنگی دای لە مەدینە... پەککو لەو بەخت و نگینە... حکومەتی دەسـتوریی دامەزرێنرا... بە فتوحاتی یارانی، ستەم کۆشکی ڕوخێنرا... لە ڕەگ وڕیشە هێنرا... کە داباری فتوحاتی خێروبێری... گەلان یەك یەك، وەك ڕەشدەوار چوونە ژێری...

زیاد لە (١٣٠٠) سـاڵ... هەوری ڕەحمەتی ئەم دینە، گەواڵ گەواڵ... بـە چەخماخـەو بە ناڵە نـاڵ... نەرمە بارانی ئـەڕژان لەبۆ ژیان...

بۆ ســەر شــارو دەشــت و کەژان... دنیای کردە بەهارستان، هەمووی هەژان...

ناحەز وەك ماری بریندار... چزوی ژەهرینی هەزار جار لێ خستەکار... بۆی نەلەخشا... دوژمن داوەشاو داکشا... ئەم هەڵکشا... خێروشەڕ یەکیان ڕاکێشــا... ســەرەنجام وەك چۆن ســولەیمان کرم عەصاکەی بۆشــەکا... بووینە پیاوە نەخۆشەکە... کە ئەو نەخۆشیە سولطانە بە جۆشەکە بێ هۆشەکا... ئیتر ناحەز لە (٩٢٤)دا حوکمی ئیسلام خامۆشەکا...

ئاڵا لە دەستمان داکەوت... ئەو پێشکەوت، ئەم دواکەوت... دوژمن هەلــی بۆ هەڵکەوت... بە چەپ و ڕاســت تێمان کەوت... یەك یەك گەلانی ئیســلامی باریان کەوت... کەس لە سەر کەس هەڵنەقڕی و هیچــی نەوت... کە ماڵە گەورەی نیشــتمان بــەش بەش کرا... وەك هەتیوی شان داچەکیو، ڕۆژمان بەجارێ ڕەش کرا...

ئەتاتورکی باوکی دزان... بەشداربووی کۆنگرەی لۆزان... لە بازاڕی خۆفرۆشــی خۆی ئەگەوزان... ئینگلیز پێ ی وت: (تاکو هەلە... زۆر بە پەلە... ئوممەت بخەرە زەلزەلە... وتیان ئێمە پشتیوانتین، ئادەی دڕە... دەنگ هەڵبڕە... سك هەڵدڕە... دین لە دنیایان دابڕە...)

کە ئەتاتورك و ڕەزاشــا بوونە پاشــا... بە لەعنەت بن... بەگەل لەدین کردیان حاشا... وەکو پاقلە ئیسلامیان کرد بە ناو ئاشا...


ئاوا ئوممەت زەلیل کرا... وەك کەو لە قەفەس دیل کرا... دایکە ئیسلامەکەی دوێنێ ی لەبیرکرا... بە مەمکی غەرب شیردرا... فێری تازە مۆدێل کرا...

فێرکرا وەك ڕانە مەڕێ... لەسەر مافی ڕانەپەڕێ... بە درۆ و فیشساڵی دەمتەڕێ... هەر هەڵپەڕێ و بلێ بژی... بژی هوبەل... سەرکردەی گەل... هەرکەســیش وەســتا لە دژی... وتی بمرێ، نەیوت بژی... وەکو ڕابەر... وەك شۆڕشگێڕ... ناوی نرا ئاژاوەگێڕ... قازی نەمر، شێخی پیران ... ئەم

تۆمەتەیان بۆکرا... لە کوردستانی هەتیوا دەوریاندرا... شۆڕشەکەیان کپ کرا... ئەمیان لێرە لە چوارچرا، ئەویان لە دیاربەکرا،لەدار درا... زۆریان هانی... درەختی دین و ڕەوشتیان بە تەوراسێکی ژەنگاوی دادەهانی... نەك هەر ئەوە ؛ گەرای دانا، تروکانی... صەددام و حوسنی و ساداتیان لێ هەڵهانی...

فیرعەونەکان... تاکەی تیغمان لێ ئەساون؟... تاکەی بەری ژەقنەموتمان بۆ ئەهاون؟... ڕەمزو (قائیدی ئوممە)ی چی؟... دەهۆڵی چەرم دڕاون... ئێوە گزگلی هارڕاون... دەعبایەکی فێرەڕاون، ڕاگیراون...

کەی زۆر ڕاستن وەکو داسن... خوا ناناسن... لە ئاست ناڵەی غەززەو کشمیر کەڕوکاسن... وا فەلەستین ئەناڵێنێ... وەك کانی خوێن ئەدەڵێنێ... کەچی سەرۆك (محمود عباس) دڵی خۆشە... وەك ورچی لۆتی بە جۆشە... سەری بۆ (ئیهۆد باراك) لە کڕنۆشە... بۆ ئاشتی عەرەب ئیسرائیل، خەریکی نێرەبەدۆشە... با ئیتر بەس بێ پەتپەتێن... گەلان بۆتان ناخەڵەتێن... ئیتر ئوممەت ڕاپەڕیوە... وەك شێر چاوی هەڵبڕیوە... دیسان ئوممەت هەستایەوە... بۆ نەصری هیجرەتی دوێنێی گەڕایەوە... چاوەڕوانی یەك دەرفەتە... هاکا کەوتە دادگایی خائینان و دزو چەتە...



# ئەی سەرداری پێغەمبەران

ئەی سـەرداری پێغەمبەران... ئەی پێشەوای مافپەروەران... مادەم خـوا ڕەوانەی کـردی... ئەم پەیامەی خەڵات کـردی... بە ڕەحمەتی هەموو جیهان ناوی بردی...

بۆیە سـەرداری.. سـەروەری... ژیاندۆسـتی.. مـژدەدەری... نوری چاوی... تاجی سەری...

چاك دڵنیام ئەوەی لە تۆ دابڕاوە... ڕێگای ڕاسـتی لێ گۆڕاوە... خوا پەنابـا، بەرەو دۆزەخ ملی ناوە... بەڵام ئەوەی کە تۆ ناسـە... لە سـەر ڕێگای ڕون و ڕاسە... بەڕێزە شایانی باسە... وتەی گەوهەرو ئەڵماسە...

لـە مەککەداو لەناو وەچەی ئیبراهیمـدا ئیختیار کرای... دوایین خشـت بووی لە سەر کۆشکی پێغەمبەراندا دانرای... خاتەمیت و لە گەڵ هەمووشیاندا برای... تۆ گوڵێك بووی ڕوێنرای... چرایەك بووی کە هەڵکرای... بە بێنازی بەخێوکرای...لای خواوە چاودێری کرای...

ئەی مامۆسـتا تۆ یارانـت وا پێگەیاند... هەموویانـت وا تێگەیاند... فریادڕەس بن... بەخیل نەبن بەم خێرەیان... بەڵێ یاران... کە لە مەدینە ترازان... بوونە دەرمان لە بۆ ژیان... بۆ ڕزگاری... نەك خوێن ڕژان...

کە ئەوان هاتن ئەم کوردە... میللەتێکی دەسبەسـەر بوو... شەڕی بێزەنتی و ساسانی... بۆ کوردستان وێرانکەر بوو... کوردی داماو یان

سەربازو خزمەتچی بوو... یان پاسەوان و تەتەر بوو... گردو شاخمان پڕ لە ڕەبیەو لە مەخفەر بوو...


باپیرانمان باویان نەبوو..ناویان نەبوو... پەرچەم و دراویان نەبوو... ئـــەوان مافی خاوەنداریی کێڵگەو باخ و ئاویـــان نەبوو... موڵکانەیان لێدەسەندرا... لە شارەزور چەند گردیان پێ دروستکرا... بەردیان بۆ کۆشکی شاهانەو قوللەو قەڵاکان پێبرا... کورد بۆ بەرەی شەڕ دەبرا... گەر فیراری بکردایە وەکو بەرخ سەردەبڕا...

کاتـــێ یاران بۆ فتوحاتی ئیســـلامی... وەك بارانی ڕەحمەت باران... سوپای بێگانەو زۆرداران... هەموو تاران... باویان نەما وەکو جاران... لە فارس و ڕۆم ڕزگار کراین... لە ئامێزی گەرمی ئیسلام پەنادراین...

یـــاران خاکیان داگیـــر نەکرد... بۆ یەك جار داوای پیتاك و باج و سەرانەیان نەکرد... کوردستانیان دا بە خۆمان... ئیتر بووینە خاوەن مێژوو پادشـــاو پەرچەمی خۆمان... لە کوردستان چەندین میرنشین دامەزران... وەکو دۆستەکی وئەردەڵان... بابان و جەزیرەو بۆتان...

کوردان زیرەك و وشیار بوون... لە سای ئیسلام و ئازادی... بۆ داهێنان دەســـتبەکار بوون... حەقی کـــۆن وەرگیرایەوە... ڕێی تیجارەت کرایەوە... حوجرە بوویە قوتابخانەو فەقێ ی لێ جەم کرایەوە... قزڵجی و مەولەوی کـــوردان لە جیهان دەنگیان دایەوە... لە ســـای ئیســـلام و ئازادی (صلاح الدین) یێك هەڵکەوت... بۆ ســـەندنەوەی قودســـی پیرۆز نەدەســـرەوت... کوردو تورك و فارس و عەرەب بە دووی کەوت... گەر پێش ئیســـلام بێ نەرزش و بابردە بووین... لە سای ئیسلام فریادڕەس و سەرکردە بووین... بەڵێ کورد قودسی گرتەوە... لە دوژمن پاکی کردەوە...

بۆیە لە ســـاڵیادی مەولود ســـەدان ئاهەنگ و کـــۆڕ دەگرین... لە خزمەتتا ئەی پێغەمبەر دەستمان لە سەر سنگمان دەگرین... کوردێکی دین پەروەر دەبین، هەتاکو ئەو ڕۆژەی دەمرین...




CamScanner

لە مێژەوە تاریك و ڕون لە زۆرانان... لە هێرش و یەك ڕاونانان... لە بەر بوون و قەڵەمڕەوی، هەر لە گل و ماخۆلانان... نە دەست لە یەك دەکرێتەوە، نە ئەمیان ئەو لە سەر جوگرافیای بونیدا دەسڕێتەوە... نە گرمەی شەڕ بۆ یەك چرکەش دەبڕێتەوە...

ڕوناکی دێ سپی و ساماڵ... ڕێی هەزار ساڵ دەبڕێ بە باڵ... تاریکیش وەکو بڵقی ئاو پوچ و بەتاڵ... بە ڕواڵەت زاڵ... بە ناوەڕۆك ژەهرێکی تاڵ...

تاریکی چەند قێزەون بێ... ئەیەوێ ڕونی زەبون بێ... وێڵی دۆڵی توناوتون بێ... باو هەر باوی کاهینەکانی ئاموون بێ...

ڕێی ڕوناکی پێشەنگەکەی پێغەمبەرە... کە چەتری وەحی لە سەرە... کە پێیان ئەوت ئەبتەرە، درۆزنە، شیعرزانە، جادوگەرە... ڕێ لێگرتن بە زێڕ بە زۆر... (١٠) ساڵ (٣) جار هەوڵی تیرۆر... ئەوەی نەشێ بە خۆی و یارانی کرا... چەند نیوە ناوی لێ نرا... تۆمەت بۆ ناموسی کرا...

نازانن دەریا بە دەمی سەگ پیس نابێ... خوری تەشی جاڵجاڵۆکە هەرچەند بایدا بە ڕیس نابێ... گوڵی پێغەمبەرایەتی هێندە گەشە بەو تۆمەتانە سیس نابێ...

وای چەند لە ویژدانا کزن... چەند ڕەش و دێزو چاوبزن... جنس بازن، خۆیان دزن، لە دز وایە هەموان دزن... لە نەتاشراو دایدەتاشن... دەیدەنە بەر تۆمەت، تانە، تەشهیر، جوێن... جارێك دەڵێن داگیرکاری ماڵ و داوێن... جارێك وێنەیەك دەکێشن، تەور بە دەست، خەنجەر وەشێن... جەنگێکی ڕاگەیاندنە... جەنگی وێنە شێواندنە... تەنها بۆ ناوزڕاندنە... دیمەنێکی ڕابواردن و دیمەنێکی تۆقاندنە... کێشەی سوریا مراندنە... بە جۆرێ پێناسەت دەکەن... دەتچوێنن بە پاشایەك چەند جەندرمەی شمشێر بە دەست پاست دەکەن...

ئەی پێغەمبەری مرۆڤ دۆست: بە تۆ دەڵێن ڕەشەکوژی؟... کە ملکەچی خەڵکی خۆبەخوازان نەبووی... تەنها جارێك بۆ مانەوەی نەتوت بژی... وەستای دژی... دەستت دایە ڕیش و قژی... کۆیلەو کەنیزەکت نەهێشت... هەتا هەمووی ئازاد بژی... تۆ بۆ خزمەتکاری ماڵتان، سەلمانی کۆیلەی فارسیت نەکڕیەوە... پەرستگایەکت نەڕوخاند... دینی هیچ پێغەمبەرێکت نەسڕیەوە... دیلت نەکوشت... درەختێکت نەبڕیەوە...

بەڵام ئێمە کاتێك ڕێمان سەخت و لێژ بوو... ئامانجمان لێ پاش و پێش بوو... هێرتزل خۆی ئەندازیاری نەخشەکێش بوو... داخ لە دڵ بوو... کاتێك داخەکەی سارێژ بوو... کە ئەتاتورك شایی بوو و ڕەزاشا بۆی چۆپیکێش بوو...

ئەمیان چەماند... بەیداخەکەی خۆیان چەقاند... خۆیان سەپاند... سەگی هار لە دەرگایانا بۆ پاسکردن کلکی لەقاند... خاکی دڵەکانیان کێڵا... تۆوی ژەقنەموتیان وەشاند... پاسەوانی شاخی ئوحود زۆرینەیان، سەر بەرەو خوار تێیان تەقاند... نەوەی نوێیان وا تێگەیاند... خۆداماڵن لە ڕابردوو... کاڵا بەبێ قۆپچەو پزوو... ئەو نەستەلەی جو و بەچکە جو... پێیان بدەن... قوتی بدەن بێ یەك و دوو... ئەم ئوممەتە وای چەندە زوو... بوونە تەیری مەلای مەشهور... ورگیان ئاوساو، ملیان باریك بوو وەك دەزوو... وڵات بە قەرەبروت بوو... پاشا لە گەلی لالوت بوو... گیرفانی وەك ورگی حوت بوو... کوڕی پاشا پاشای نوێ بوو، هێشتا باوکی لە تابوت بوو... ئەمیش وەك باوکی لەعنەتی کەللەپوت بوو... دیموکراتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تەنها درۆی ڕوت بوو...

لە سەری سەد ساڵا قەدەر... شێری لە بێشە کردە دەر... شێر پشتێنی بەستە کەمەر... کە فوی پیاکرد، خەوتوانی ئەشکەوتەکەی

ئەنجلۆسی کرد باخەبەر... سەر لە نوێ خاك کێڵرايەوەو، باغی سوتاو نێژرايەوەو، باغ هاتەبەر... کە بەرچنەی پڕمیوە هات... کاهینانی لات و مەنــات... کوێرایی بە چاویانا هات... زۆریان بۆ هات... بروســکەی شــاباش و بەرات... لە لای ئاغاکانەوە هات... بۆ چیلەرو موعەممەرو حوسنی و سادات... دادی نەدان خەرجی و خەڵات... شەویان داهات... ڕۆژمان هەڵات... بناوان شــکاو لافاو هات... هەی هەی دێن و پینەی دەکەن؟... ئاو بردونی... لە تاو مەرگ دەست لە چڵەپوش گیرەکەن... بەشارو بەعسی سوریامان لەبیرەکەن...

بەو داشانە یاری مەکەن... سەردەمی یاری و داشتان... جاشی باشتان... پارەی کاشتان... گشت تێپەڕی... دەك ئەو پاشــا بە لەعنەت بێت کە بە شاباشــتان هەڵپەڕی.. تۆش ئــەی یەهودی بەچکەمار... کە هەر فێری فێڵ و گەڕی... لە ئاست خۆری پێغەمبەرا کوێرو کەڕی... ئەوەی نوسیت و نواندت، سەگ بووی لە مانگەشەو وەڕی...


هەڵوێستی گرد بوونەوەمان ... ئیمانیە ... ئینسانیە... ڕۆڵــەی صلاحەددینتیــن... دەنگێکی کوردســتانیە... خزمەتگوزاری دینتین... هەڵوێستمان شارستانیە... وەك سومەییە پەرژینتین... ماڵ و گیانمان قوربانیە...

ئەمەیــە دەنگــە ڕەســەنی ئــەم میللەتــە... دەنگــی جوامێــری و غیرەتە... قورئان ڕوناکی ڕێمانەو بیلبیلەی چاومان سوننەتە... لە خاکی کوردستانەوە دڵ و ڕۆحمان وابەستەتە...

# هەتا سەر خەوێکمان شکاند

ئەی گوڵێ لە باخماناى... وەك بەفر لە شاخماناى... ئەی کەسێ لە ناخماناى... لە ناو خۆزگەو ئاخماناى...

لە دواى چەند ساڵ وشکە ساڵى... هەور بە گەواڵ گەواڵى... ئاسمانی مەککەی داپۆشی... بە چەخماخەو ناڵە ناڵى... ڕەحمەتێکی وا دابارى، ترس و برسێتی ڕامالّی...



یاران بە باران ئاودران... ئاڵتونێك بوون زاخاو دران... ئەلیكترۆن بـــوون تـــاو دران... بە (خَیرَ أمَّە) ناو بـــران... كاتێ گەلان هانا دران. هەرچی بتە وەلانران...

یارانـــی تۆ من مـــن و تۆ تۆیان نەكرد... مولكـــی خەڵكیان داگیر نەكـــرد... بـــە پێ یان بـــە ولاخەوە... بە دەســـتی بـــە بەیداخەوە... ئیمانیان هەڵدا ناخەوە... ڕەونەقیان دا بە ئادەمی... تۆیان ناساند كە پێغەمبەری خاتەمی...

دینەكەی تۆ دار ئەرخەوان... گەلان بۆی بوون بە باخەوان... حاڵی كراین: (ئیســـلام ئەمانەتی خوایە... لێپرســـینەوەی لـــە دوایە... خوا نەخواستە بیكەین زایە، دووچارەبین، قیامەت بە سەرمانا ڕایە...)

حاڵـــی كراین: (مـــرۆڤ میوانی دنیایە... مـــردن پردێكی ڕێگایە... ژینـــی قیامەت بێ كۆتایـــە... خودای تاقانە (الله) یـــە... دوای (مُحَمَّدْ رَســـول الله) پێغەمبەرێكی تر نایە...)

ئوممەتی خێر وەكو هەنگ و ... خاوەن دەنگ و خاوەن سەنگ و... لە زمان و لە كیشوەرا ڕەنگاو ڕەنگ و... لە داهێنانا پێشەنگ و... خوا بۆی نوســـین: (پارێزەری ئەو دینە بن... پابەندی ڕێ ی مامۆستاكەی مەدینە بن... براو تەباو بێ كینە بن... هەتا ئیســـلام بێ ناز نەكەن، مامۆستای ئەم زەمینە بن...)

بـــەڵام ئەفســـوس، لە قۆناغێكی مێـــژودا خەو دایگرتیـــن... هەتا سەرخەوێكمان شكاند، ئاڵاكەین لە دەست گرتین...

كـــە جڵەویان لە ئوممەتـــی خێر ســـەندەوە، پێچراین بە كۆت و بەنـــدەوە... كەوتینە چاڵ و كەندەوە... ئێمە خەوتو، ئەوان خەبەر... ئێمە لە شەو، ئەوان سەحەر... دوژمن وەكو (یَاجوج و ماجوج) هاتە دەر... غەزوی ڕۆشنبیری كراین، بوینە ئوممەتی بێ هونەر...

بـــە دەمی تەڕ... گورگ خۆی لێ كردینـــە مەڕ... ئافرەتیان لە تۆ

دابڕی... تێیان خوڕی... وتیان: (داماو بۆ وا سڕی... هەوای سەربەستی بنۆشــە... ئازادیە دەی بخرۆشــە... بۆ چی دەنگت هەڵنابڕی... لایبە ئەو عەبا و سەرپۆشــە... جلی تەســك و كورت بپۆشــە... بۆ لە دیلی هەڵنافڕی؟... مۆدێل تەنورەو ســترێژە... كەی باوی جلی درێژە... بە تونێلی قولەی قافا -هاوار لە من- هەڵیانبڕی !...

بــەرە بەرە، بە بیری چەپ درا پــەرە... بۆرجوازی و پرۆلیتاری، میللەتی كردە دوو بەرە... ئەمیان بنەو ئەویان ســەرە... هەزاران لاو لە نوێژو مزگەوت و مەلا كران تەرە... گەل سەری لێ چەواشە بوو... وا تێگەیــی... ئەم هەموو خوێن و برینە... خەتای دینە.. ژیان تەنها بەو هەوایەی كریملینە...

بــە تۆپــزی... پیرۆزی ئاینیــان دزی... بــە درۆو بوختان و گزی -هاوار لە من- دین بازاڕی هاتە كزی...

وتیــان بە گەنج: (هەتا كەی عەقڵــت داخرێ... نوێژو ڕۆژو باوی نەمــا... بــە دین ژیان پێــش ناخرێ... ئەفەندی و دیــن نایانكرێ... عەرەق بخۆ مردوت مرێ...)

تا گەنجی داماو كەوتە داو... بە فاك و فیك، بە چاوەڕاو... مشتێ خۆڵیان بۆ كردە چاو... بێ دینیان تیا كردە باو...

بــە قومارو بە ســینەما... بــە مەیخانەو زوڕناو ســەما... حەیاو حــەرام باوی نەمــا... زنجیری مل... چاوی بــە كل... مۆدێلی جل... دیســكۆو قژی جیكی و دیكی... بە قســەی زل... داماو قلیان لێ كردە فل... وەك بەردی شاخ خستیانە تل...

پیلانێكی زۆر گلاو بوو... ژەهر بوو بۆنی گوڵاو بوو... كە خەرمانی گەنجمان سوتا -هاوار لە من- سەرمان نوقمی ژێر كڵاو بوو...

ئیمان كز بوو لە ناو دڵدا... جیهانی ئیسلامی بوویە شەوی یەڵدا... پادشــای وەكو حەمەشاو ئەتاتورك سەریان هەڵدا... پاشای مل پان...

خۆیان سـەپان... لە جێی یاسـا دەمی خۆیان کردە قەپان... قسـەی درۆو دەمی هەراش... یاسا بوویە بەرداشی ئاش... پارەی کاش دەکرایە شاباش... بۆ گەل حەرام، بۆ سەماکەر مفت و بەلاش...
ئەمان لێرە قەبرغەی میللەتیان گوشی... ئەوان لەوێ نەوتەکەیان هەڵدەلوشی...

ئوممـەت کاتێ بە خۆی زانی... چی بوو لە دەسـتیان دەرهانی... بە دوو چەپۆك دای بە سـەریا... نە دنیای ما، نە ئیمانی... ئەمیشی چوو، ئەویشی چوو... بە جارێماڵی وێرانی...
ئوممەتێکـی لـەڕێ داماو... قەبـارە زل، بێ تین و تـاو... (غُثَاءُ السَّيْل) کەفی سەر ئاو...
تا خوا شنەی ڕەحمەتەکەی هەڵکردەوە... (ذُالقَرْنَين)ی (فَأَعِينُوني) و (آتُوني) (بِسْـمِ اللهِ)یان لێ کردەوە... فویان کرد لەو ژیلەمۆیە... تا پشـکۆکان گەش بوونەوە... ڕابوونی ئیسـلامی هات و ئەم ئوممەتە قنج بوونەوە...

بولعەزیزی چەخماخە بوو... دای لە دێوی قات و قڕی... بە کڵپەو بڵێسەی گڕی... ئوممەتی خێر وا ڕاپەڕی... دیواری بێدەنگی ڕوخان... سـرودی ئازادی چڕی... ئـەم پەنجەی ئاوا هەڵبـڕی... خوێنی داو سەربەسـتی کڕی... بە پاشای وت: (تۆ خودا نی... عەبدێکی خائینی دڕی... عەمیلی، جاشـی، سیخوڕی... تف لەو کراسە دێوجامەیەی کە بە باڵای منت بڕی...) وا موبارەکی (شَـرمُ الشَيْخ) لە زنجایە خۆی و کوڕی... وا قەزافی زەنگە زەنگە لە ناو چاڵە زێرابێکا ورگیان دڕی... هاکا بەشاری سوریاشیان وەك بن عەلی بە پاشڵ پیسی هەڵبڕی...
هەروەکـو قەومەکەی یونس، تەوبەمان کرد گەڕاینەوە... بە (رَبَّنا ظَلَمْنا)کەی باوکە ئادەم، پاڕاینەوە... ڕێمان گرت بەو ئاراستەیە... کە ڕێی پێغەمبەری خوداو شاڕێی ئەو دینە ڕاستەیە...



# بە دوعای ڕووت هیچ ناکرێ

هەر کەس پێ ی وا بێ مرۆڤە، نەبێ بەو چاوەی دەڕوانێ... ڕێگای بەردەمی ببینێ، جا پێ دانێ... نەك خۆی لە مردن گێل کات و چارەنوسی خۆی وەلانێ... وەکو کەسێ هیچ نەفامێت و نەزانێ... خۆی دانێ بۆ ڕابواردن و پاروە نانێ...

ئەگەر عەقڵ دەست لە وەحی هەڵنەپێکێ، ڕێ ناپێکێ... لە سەحرای بوونا وێڵەبێ... نەخۆشی شەماقی دەگرێ و ئاوی ڕونی لا لێڵەبێ...

خوداوەندی میری مەزن وەحینێرو ڕەنگ ڕێژی بوو... لە قوتابخانەی وەحیدا محەممەد وانەوێژی بوو... ئەو بوو مامۆستای یاران بوو... میهرەبان بوو... وەحییش وەك نەرمە باران بوو... لە مەککەدا جڵەو بە دەست نەیاران بوو... قۆناغێکی پڕ میحنەت بوو... دووەم قۆناغ کە هیجرەت بوو... تەکان و هەوڵ و هیممەت بوو... بۆ ئازادی بانگەوازو چەسپاندنی شەریعەت بوو... بۆ بنیاتنانی مزگەوت و برایەتی و بۆ نوسینەوەی دەستورو دامەزراندنی دەوڵەت بوو...

هیجرەت کۆچی کۆچەریان و ڕابەری ڕاستگۆو ئەمین بوو... نەخشەی لە ئاسمان کێشراوو کاری مرۆڤی زەمین بوو... ئەو تۆوەی لە مەککە چێنرا لێرە لە یەسریبا شین بوو... ئەو هەنگەی شەیدای بینینی باغی نێرگزو نەسرین بوو... کە پورەیدا، شانەکەی پڕ لە هەنگوین بوو...

محەممـــەد دوا پێغەمبەر بوو... وەك كەســی عەتر فرۆش بوو...
بۆنـــی میســـكی وەحی پێ بوو... بۆ ســـاغ كردنەوەی پـــەرۆش بوو...
بانگی بۆ مافی مرۆڤ و بۆ ئازادی بیرو هۆش بوو... بۆیە شـــاگردی
وەك مەلـــی بەهار لە جـــۆش و خرۆش بـــوو... قورەیش قەڵس بوو
بە هەتـــاو... چونكە دەماغی نەخۆش بوو... كـــە قەتارەی هیجرەتی
دی... پـــێ ی ناخۆش بوو... بۆیە زوو كەوتە تەگبیرێ... چاوی بڕیە
نێچیـــرێ... نەیئەزانی ئەو نێچیرە ســـركەو بە ڕاوچی ناگیرێ... ئەو
داوەی كە بۆی هەڵدەدا قاچی خۆیی تێ دەگیرێ...

هیجـــرەت دەڵێ بـــەم ئوممەتە... وا نەزانێ ڕێـــگا تەختە... ڕێگای
ئیمان كوڕە، سەختە..

هەرچەند تەنگـــی پێ هەڵچنرێ... خوێنی لە جەســـتە بچۆڕێ...
وەك تەكتیكێكـــی مەیدانی دەكرێ ســـەنگەری بگـــۆڕێ... بەڵام نابێ
هەرگیز بشكێت و بدۆڕێ...

ئوممەتـــێ بـــێ، ڕەتـــاڵ بـــات خـــۆی بگرێتەوە..ئەگـــەر كەوتیش
هەستێتەوە... چونكە كۆت و زنجیری پێ، ڕۆژێك دەبێ دەكرێتەوە... گەر
شەوە ڕۆژ دەبێتەوە... زستانە بەهار دێتەوە... ئەو برینەی دەكولێتەوەو
دەكولێتەوە... ڕۆژێك دادێ سارێژ دەبێ و ئازاری بیر دەچێتەوە...

هیجرەتە كەتێ ی گەیاندین... ئەگەر ئیسلام بێناز بكەین... خودا
لێمـــان هەڵناگرێ... مـــاڵ و گیانی بە فیداكەین، بە دوعای ڕوت هیچ
ناكـــرێ... دڵ بە داری زڕ خـــۆش نەكەین... درەختی زڕ بەر ناگرێ...
بە بێ نوێڵی دەستەجەمعی... گابەردی ڕێ تل نادرێ... ڕەحمەت لەو
شاعیرەی نووسی: (ماف گەر نەسەندرێ نادرێ)...

بەڵـــێ هیجرەت تێـــی گەیاندین... گەر لە دین پاشـــگەز بینەوە...
وەكو تەور قاچی خۆمان دەبڕینەوە... مێژوی خۆمان دەســـڕینەوە...
زێڕ دەدەین و زبڵی خەڵك دەكڕینەوە..

تێ ی گەیاندین: ئەگەر زستان سڕی کردین... کەبەهار هات ڕابینەوە... زانکـۆو بازاڕو پەرلەمان... گـرێ بدەین بەم دینەوە... مادەم ئەممەتی (إقْرأ) بین... لە ئەمریکاو لە چینەوە... بەری زانست بچنینەوە...

هیجـرەت دەڵێ لە هەر سـەردەم و هەر شـوێنێ... ئـەم ئوممەتە واز لـە پەیمانەکـەی بێنێ... چاوی خەو زۆری بـۆ بێنێ... لە کاروانی میللەتانا جێ بمێنێ... ئەسـپی عەقڵی خۆی تاو نەداو... لە کاردا خۆی نەڕەنجێنێ... نەوتی خواکردی بفرۆشێ و کاڵای خەڵك بۆ خۆی بێنێ... دەرزیەك بەرهەم نەهێنێ... کاربەدەسـتی وەك فیرعەونی کاتی موسـا خۆی بسەپێنێ... ئەمیش سەری دانەوێنێ... دین و ناموسی هەڕاج کەن، لە ترسـا لێو نەبزوێنێ... زاڵمیش هەر بـاری لێنێ و بیرەتێنێ... ئەو ئەممەتە ئەبێ کاری هەر کورت بێنێ... هەر بڵێ خۆزگەم بە دوێنێ...

گوێبیسـتی فەرمانی خوا بن : (أَمْرُهُمْ شورى بَيْنَهُمْ) بەڵام ئەمان ئـاوا نەبـن خەڵك وابن... شـایانن ئەبێ لە دوا بن... پاشـای گەمژە هەرچەند سـتۆك و سـوابن... هەر وەك نوێنەری خوا بن... لە سەر کورسـی دانەبەزن، وەکـو ڕوابن... گەر (حافـز)ی لەعنەتیش مرد... بەشـاری وەك بەچکە گورگی لە جیاتی بێ... کورسـی باوکی میراتی بـێ... تۆماتیکی خەلاتی بـێ... هەروەکو لەو وڵاتەدا پیاو قاتی بێ... ئامادە بێ وڵاتێ بە خوێن سور بکا بە مەرجێ خۆی نەجاتی بێ...

بۆیە هیجرەت هەر وەکو ئاراسـتەی نەخشـە... ئیلهام بەخشـە... ئیلهامیـدا ئابەم میللەتە بێ کەسـە... وەکو ئاگر بڵێسـەی سـەند... وتی پاشا ئیتر بەسـە... تف لە بەڵتەجەو شەبیحە... کە پاستانەکاو حەسحەسـە... بۆ ئـەوەی هەڵکاتە میللەت... تەنهـا یەك (دەیکس)ی بەسە... خۆی شاباشی مسۆگەر بێ چ دەربەسە...

ئەم ئوممەتە هەسـتایە پێ... وتی پێیان ئیتر بەسـە... کورسـی تاپۆی باوکتان نیە... ئیتر کاتی دەساودەسە...


سڵاو بەسەرتا بێتە خوار

کوردم له کوردستانمدا... لـه زێدی باپیرانمدا... له ناو دۆست و یارانمـدا... شـادیمه بـۆ هاتنه دنیـای پێغەمبەرم... چاوسـاغ و ڕێنیشـاندەرم... خـاوەن میهری گـەرم و نـەرم... گەنجینەی پڕ له گەوهەرم... که دەستی ڕێزی نا سەرم... له سای خواوه ڕێ ی بەحتیاری هەردو دنیای خسته بەرم...

کـه منـداڵ بوو، بێ باب، بـێ داك، بێ لانه بـوو... تاقانه بوو... فرمێسـکی چاوی دانه بوو... لای ئەو ماڵـه خزمانه بوو... کاتێ لاو بـوو پەروانه بوو... لای هەموان جێـی متمانه بوو... که وەحی هات بـه نوێنـەری پەیامی ئەو ئاسـمانه بوو... دوایین ئەڵقەی ڕشـتەی پێغەمبەرانـه بوو... مامۆسـتای ئەو یارانه بوو...پۆشـاکی هەژارانه بوو...ژیانی هەمووی وانه بوو... دژی بیری ئەفسـانه بوو... دۆسـتی خزم و بێگانه بوو... ڕزگارکەری ئێمەی کوردو ئەم خاکی کوردستانه بوو...

(إقْرَأْ) یەکەم پەیقی قورئان... چارەسەری نەزانی بوو... مەشخەڵی شارستانی بوو... کلیلی ئاوەدانی بوو... نیگای قورئان موعجیزه بوو... سەرسـامکەری دوژمـن و ناحەزانی بوو... ڕەببانـی بوو... پەیامێکی جیهانـی بـوو... محەممەدێـك نوێژ ڕوناکـی چاوانی بـوو... مۆری پێغەمبەرایەتی له سەر تەختی ناوشانی بوو...

ئیسلام باخ و ئەو باخەوان... باخ چی؟... پڕ له گوڵ ئەرخەوان... سـەعدو سـەعید.. حەمزەو ئەوان... بیـلال.. کاوان.. ژنان.. پیاوان... پیـران.. لاوان... فیدایـان کرد ڕۆحـی ڕەوان... وای له ئێمەو وای له ئەوان... خۆیشی ساده هەر وەك ئەوان... بێ دەرگاوان.. بێ پاسەوان... له جێی پۆست و موچەی چەور.. مژدەی بەهەشتی دا بەوان...

ئـەی پێغەمبـەر شـای خەڵاتم... خـۆم لێرەم به دڵ لـه لاتم... بەسـتەی گەرمی سـڵاواتم... بانگ و قامەت و تەحیاتم... شـاهێدن

تۆ پێغەمبەری... ترسێنەری.. مژدەدەری... شادیهێنی خەملابەری... دارێکی خاوەن سێبەری.. پڕ لە بەری... لە هەردولا سەرلەبەری... تۆ ڕابەری.. تاجی سەری... کالآی بەهەشتت هێناوە... تۆ فرۆشیار، من مشتەری... ئەی دەلیلی بەختەوەری... نێرراي بۆ ئادەمی و پەری... کە پێیان وتی ئەبتەری... خوا فەرموی نا.. خەڵات کراوی کەوسەری... خوا جبریلی ناردە سەری... تا کێ سڵاواتی لێ بات.. خوا سڵاوات بات لە سەری... کاپتنی کەشتی نەجاتی لە تۆفانی دەردیسەری... هەرکەس نەیەتە ئەو کەشتیە... خاك بەسەری.. خاك بەسەری...

لە تۆ فێر بوین: هاوسێ خزم.. نەخۆش ڕێبوار... هەتیو و میوان و هەژار...کۆیلەو قەرزار.. باوك و دایك.. پیری داماوی دەستبەدار... منداڵ.. ژنمان.. تا مردنمان... حەقیان هەیە لە گەردنمان... فەرموت گەر دڵیان ڕاگرین... ئەوسا دەبین بە چاکترین...

جا دادە بین، یاخود کاك بین... ئەبێ چاك بین... بەندەی خوداوەندی تاك بین... لە غەیری خودا بێ باك بین..

داوێن و دەست و دەم پاك بین... لاوازو ترسنۆك نەبین... ئازاو دلێرو چالاك بین... فەرموت پێمان یەك مەکوژن.. خوێن مەمژن... عەیبوعاری یەك داپۆشن... مەی حەرامە.. قێزەونە... حەڵاڵ زۆرە لێ ی بنۆشن... بۆ ئەو بەهەشتە تێکۆشن... ئەم دنیایەی پێ بفرۆشن... پۆشاکی تەقوا بپۆشن... تا سەر نابێ دنیای ڕۆشن...

لەتۆ فێر بووین: نەبینە داردەستی زۆردار... لە گوندو شار... دۆست بین بە خەڵکانی هەژار... بۆ میللەت بین بەخزمەتکار.. نەك بە سەربار... قسەمان بکەینە کردار... تێشو بەرین بۆ گۆڕی تار... بازومان بۆ نانی حەڵاڵ بخەینە کار...

لە تۆ فێر بووین ئەو کەسەی کە لێپرسراوبێ... نابێ هەر بۆ موچەو ناو بێ... ئەبێ سەر بێ.. ئەبێ چاو بێ... ئەبێ مەرد بێ...

ئەبێ پیاو بێ... بۆ هەژاران دڵسـوتاو بێ... دەسـتی پڕ لە نان و ناو بێ... مامەخەمەی لێقەوماو بێ... ئیمامی عادلی ناوبێ... نەك دەرگای بە ڕوی میللەتا داخراوبێ.... گیرفان پڕو هەڵاوساو بێ... کەچی مۆن و دەست قونجاو بێ... خەڵکی کڵۆڵ و داماو بێ... ئەویش لە سەیران و ڕاو بێ... مەیلی لە ڕانی برژاو بێ... ئەم لە ڤێللا و جام ڕەشا بێ... هەژاریش کەوشـی دڕاوبێ... شـان و یەخەی داچەکاو بێ... کەلاوەی کـۆن و تەپـاو بێ... سـێ ڕۆژ لە دەرگای وەسـتابی... لەتاو پڕۆژەی نایابـی... لە بەر پێك و کەڵەبابی...چای عەننابی... دینارێك ئەدا بە بابی... فەرمووت: (انها امانه... وانها يوم القيامة حسرة وندامه)...

فەرموت مەگەر کەسێ پەیمان لە بیر نەکا... گزی نەکا... تەزویر نەکا... پشـت لە پیری فەقیر نەکا.. عومەرناسـا قافڵەی چەکدار بۆ پاسی خۆی ڕاگیر نەکا... پارەی میللەت داگیر نەکا.... پارەی میللەت... شـوبهاندت بە ماڵی هەتیو... هەر کەس گیرفانی لێ پڕکا... خۆی لێ سڕکا... لە تیکەی حەرام خۆی مڕکا... بۆ کوێ ی دەبا؟... ڕەنگە شەش حـەوت ڕۆژێ بڕکا... بەس دوای مردن لە مەحشـەرا... کە جلی نیە لە بەرا... قوڕی کوێ دەکا بە سەرا... کە بە شەللاق دەیخەنە دۆزەخ بە سەرا...

ئـەی هەموومان قوربانت بین... ئەی لـە حەجدا میوانت بین... بۆ کارێ ما کە چاکەبێ و هانمانئەدەی؟... بۆ ڕێیەك ما ترسناك بێ و لامانئەدەی؟... شـتێ ئەما ئەکەی باسی... خراپ.. خاسی.... درۆی.. ڕاسی... هەموویت بە ئێمە ناسی...

ئێرراوەکـەی پەروەردگار... ئەی ئەویـنـدار... ئەی ئەمیندار... بە قـەدەر گەڵاو گوڵی دار... کانی و ڕوبار... دڵۆپە بارانی بەهار... ئەکو جارێ هەزاران جار... سڵاو بە سەرتا بێتە خوار...



# پێغەمبەری هەمومانی

میوانەکەی تەختی دڵم... تەرزی ناسکی سەرچڵم... باخی پڕ لە دارو گوڵم... ئەی پیرۆزەی ئاوو گڵم... سڵاو لە تۆ... سڵاو لە تۆ کە تۆ هاتی... پێچاتەوە چەند خوایەتی... بەڵێت کرد بۆ یەك خوایەتی... وتت نا بۆ ئاغایەتی و چینایەتِی... ئەی قەڵاچۆی کۆیلایەتی... تۆی هەوێنی برایەتی... (مُحَمَّدٌ رَسُولُ اللهِ) خوا خۆی بۆی داوی شایەتی... لە شاری ئیبراهیم پاشای بابانەوە بە خێر هاتی... بە خێر هاتی...

ئەی هەوێنی کامەرانی... تۆی مامۆستای پاکی و جوانی... برای نوحی کەشتیەوانی... پادشای وەك سولەیمانی... دەلیلی پێشی کاروانی... دەمەزەردکەری ویژدانی... خاتەمی پێغەمبەرانی... بە سۆزیت و میهرەبانی... (مەقامی مەحمود)ت هەیە تۆ شایانی... شانازی گەلی کوردانی... پێغەمبەری هەمومانی...

تۆ پەنجەرەی عەقڵت سڕی... هەگبەی خورافیاتت دڕی... لە چەتەو ڕێگرت خوڕی، نانت بڕی... کۆیلەی ماڵە ئاغات کڕی... فرمێسکەکانت بـۆ ســڕی... ئازادیت بــە باڵا بڕی... وەکو یوســف پاشـا بووی هەم پێغەمبــەر بووی... بۆیە توند دەســتت هەڵبــڕی... پەیامی ئازادیت چــڕی... فەرموت هەموتان بزانن : ئەگەر (شـــا)ن و ئەگەر (شــوان) ن... یەك خاك و گۆشــت و ئێسـقانن... لای خوا هەموتان یەکسانن... حەســەب، نەســەب، جاهو پارە... هەموی لە لای خوا کاو بایە... بۆ قیامەت لە گەڵتان نایە... پێوەر ئیمان و تەقوایە...

ئــەوەی لای تۆ پــەروەردە بوو، بەرندە بـــوو... دەرچووی لای تۆ ســەرکردە بـــوو... تەلحە و ئەبــو عوبەیدە بوو... ئوســامەی تەمەن هەژدە بوو... فێرت کردن ستەم نەکەن... جیاوازی ئەم و ئەو نەکەن... تەرازوی ماف لاسەنگ نەکەن...

مافیشت بەو گەلە ناسی... تا هەمویان بکەن باسی... بکەن پاسی... نەك خۆ هەڵە کەن لە ڕاسی... وەکو ئاژەڵ بە کەساسی تێیان خوڕن... بە گاڵۆکێ لێیان خوڕن... بیان وەســتێنن، هەڵیـــان بڕن... قەڵەویان کەن سەریان بڕن... ئەمان نقە لە خۆ ببڕن...


فەرمــوت گەلــێ : لە ســەر مافــی هەڵنەقڕێ... یەخە لە ســتەم دانەدڕێ... لە من نیەو خوا بیبڕێ...

ســالاری من : ئەم کوردە هەژاری منە... وەك ئەمڕۆ جەرگی کون کونە... مێژوی پێش ئیســلامی ونە... ســوپای بێزەنتی و ساسانی... چــی کەلەپورو مێژوی بــوو هەمویان برد بە تالانــی... کە هەواڵی تۆمـــان زانـــی دوا پێغەمبەری جیهانی... یاران کـــە مژدەیان هانی ... ئێمەی کورد بە هەموو هێزمان... ئیســـلاممان گرتە ئامێزمان... لە ســای ئیمان... بۆ داهێنان... کەوتینە گل... کەوتینە ژان... لە شاعیرو

خامەڕەوان. ..لە مێژونوس و شەرع زان... تا سەرکردەی ئەییوبیان... هەر ڕشتەیەك باوی هەبوو.. کورد سەردەستەی پیاوی هەبوو... کورد بۆ ئیسلام ناوی هەبوو... چاوی هەبوو... هەڵمەت و هەنگاوی هەبوو... کوردی کلۆڵ کە باوەشی بۆت گرتەوە، خۆی گرتەوە... مافی ون بووی وەرگرتەوە... بێ قەوارەو چادرنشین... بوون بە پاشاو بە میرنشین... پاشامان بوو... دراومان بوو... بەیداخی هەڵکراومان بوو...

سیانزە سەدە هەر پێشەنگ بووین... خاوەن دەنگ بووین... خاوەن سەنگ بووین... تا بە پیلان نەك ڕێکەوت... ئەو ئوممەتەی نەدەسرەوت، باری کەوت... جڵەو لە دەستی داکەوت... بەنج کراو خەوی لێ کەوت... هاتنە سـەری و هیچی نەوت... فرسەت بۆ دوژمن هەڵکەوت... ئینگلیز هات خاکەکەی بەش کرد... بە گەزو گوریس تێی کەوت... تەنها کوردی لـێ بێبەش کـرد... ئەوانی تر بەریان کەوت... بەڵێ کوردسـتان بەش کرا... غەسب کرا... ماڵ بۆ دزان حەڵاڵ کرا، لە سەر ئێمە حەرام کرا... کە کردمانە هەراهەرا... داخیان کردین کۆنەبرا... گۆشـتمان بە چەقۆ توێ کراو خوێ ی تێ کرا... بپرسـن بەردەرکی سـەرا... چەند کەست تیا لە دار درا... ؟ بڵێن بە شـاری مهاباد... قازی محەممەد بۆ هێنراو دادگای سـەربازی کراو حوکم درا... لـە مەیدانەکەی چوارچرا... ڕۆح لە جەستەی جودا کرا... ؟ هەڵەبجە بۆ خنکێنرا ؟... بپرسن گەرمیان خەڵکەکەت بۆ کوێ برا؟... هەشت هەزار پیاوی بەرزانی دەسگیر کرا... چی لێ کرا؟... ئەی حەما بۆ شەهید کرا؟...

سالارەکەم: من مەزلومم، نەکو زالم... ببیسە کرۆزە ی حالم... بە کام دین پێیان حەلالم؟... دوژمن بوو هاتە سەر مالم... شکاندی بالم... هەشتا ساڵە بە دوای حەقمدا ڕەجالم... بۆی دەکۆشم... بۆی دەنالم... دە شـەرتە تا ڕۆژێ دەمرم... دەسـت لەو حەقەی خۆم هەڵنەگرم... دڵنیاشم وەری دەگرم...


وەرن بچین بەرەو پیری

وا ســاڵ جارێ تــر گــەڕاوە... میوانێکــی نوێی هێنــاوە... ماهی ڕەمەزانی نــاوە... کام ڕەمەزان؟... مانگی قورئان... کەشــی ئیمان... دەوای جەستەو گیان و ژیری... وەرن بچین بەرەو پیری...

هــات تا ئێمە لە گەڵ خوادا... ئاوەدان بێ نێوانمان... تا ئاودێریکا ســەوزەگیای ئیمانمــان... تا وەکو ئاوایــی (ڕەقیم) وێــران نەبین... گرفتاری ڕێی شەیتان و تاوان نەبین...

ئــەو ئەیەوێ، پێش لەوەی فریشــتەی مەرگ چۆك داباتە ســەر ســینەمان... تیماریکا ئەو گشــت زام و برینەمــان... زامی غەفڵەتی ڕۆژانی ئەم ژینەمان... تا ئامادەبێ بۆ حزور دڵی سافی بێ دەغەڵی و بێ کینەمان... تا پێش کۆچ و بارو ســەفەر... ڕێی بەهەشتمان بخاتە بەر... باغی تەقوا لە دڵمانا بێنێتە بەر...

براو خوشــکم... باوە، دایــە... ڕۆژو کە فەرمانــی خوایە... تەنها ئامانجــی تەقوایە... فێرمانــەکا پارێزکاربین... بەم دنیا دەســخەڕۆ نەبیــن، مادەم میوان و ڕێبوار بیــن... تاکو دڕك نەبین، گوڵ بین... گوڵێکی سەرپەلی چڵ بین... گۆڕیشمان باخچەی بەهەشت بێت، کاتێ بە میوانی گڵ بین...

ڕۆژو ئــەو قوتابخانەیــە... کەپــڕ لەپەنــدو وانەیــە... فەرمانی زاتــی خواوەندی تاقانەیە... ڕەمەزان ئــەو میزانەیە... ئەڵێ ڕۆحتان نەگەیوە، کرچ و کاڵە... وا یەك ســاڵە... جەســتە بەسەر ڕۆحا زاڵە... ئەم پــڕو ئەویان بەتاڵە... ڕۆحی برســی دەوای دەوێ... دەمەزەردی بڕوای دەوێ... شەحنی وزەی تەقوای دەوێ...

یــاران ڕەمەزان دوا چرکەی ســاتەکانی... موناجاتی ناو شــەوانی... ســوژدەی دەمی پارشــێوانی... ئەڵقەی قورئانی بەیانی... ئێوارەو ڕۆژو شــکانی... دڵان پڕ لە بــاوەڕ دەکا... بەجۆرێ نــەزان فێر دەکا... ڕێوی

بــه بێچوه شــێر دەکا... ئەوەی تەقوای تیا نــەڕواوە... بڕیاری تەوبەی نــەداوە... غەیبەت و جنێوی ماوە... جگەرەی واز نەهێناوە... کرژ نیە، سست و خاوە... تەنها ئەوەی پێ ی بڕاوە... برسی نان و تینوی ئاوە...

کەسێ ڕۆژو ئامانجی خۆی تیا پێکاوە... جەژنی ڕەمەزان بەدواوە... ئەگەر پیرەو ئەگەر لاوە... لەو پەیمانەی بە خوای داوە... بەردەوامەو نەوەستاوە... ئەڵێ ی تیغی تازە ساوە...

ڕۆژو نەفــس دەکا چارە... نەفس هارە... زۆر نابارە... لە فەرمانی خــوا بێزارە... ئاخر ئەم نەفســە بێبارە... کــە ئەڵێ ی ماری حەوت سەرە... حەزی لە ئەمبەراو بەرە... وەك كەوی سەودا لەسەرە... جڵەو نەكرێ زۆر خەتەرە...

هەر كەس نەفس فەرامۆش كا... ئەبێ دین هەڕاج فرۆش كا... لە دۆزەخ جێ بۆ خۆی خۆش كا... كڵاوێك لە ســەری دەكا... تا لە ڕێ ی ڕاســت بەریی دەكا... ڕوزەردی مەحشــەری دەكا... نەفس كە ڕۆژو بێ نان و ئاوی دەكا... بە جۆرێ لغاوی دەكا... تێ ی دەخوڕێ... قاوی دەكا... كزو هەڵقرچاوی دەكا...

براو خوشكم بە خۆ كەوە... لە قافڵەی پارشێوكەرانا بە ڕێ كەوە... چڵكــی گوناه لە خۆت كەوە... ئەمە هەلی ڕاهێنانە... وەرچەرخانە... بەهارە وەرزی ئیمانە... قەواڵەی تەوبەو پەیمانە... تا بۆ بەهەشــتی نەبڕاوە ... هەمو ببینە پەروانە...



# ئەی ماهی نور

مانگی ڕەحمەت... ئەی ئارامگای جەستەی شەکەت... خەرمانی ساڵت بەرەکەت... تۆ دەرفەتی پاك بوونەوەی... بۆ تەوبەکار، لەگەڵ خودا ئاشت بوونەوەی... بۆ زامەکانی ئیمانمان سارێژ بوون و چاك بوونەوەی... بەهارێکی حەشرناسای، نوێ بوونەوەی... مژدەی بەهەشت دەدەی بەوەی، بە تەقوا بێ... بەندەی خوا بێ... وا لە نەفسی خۆی تەرا بێ، هەرچەند نەفسی وەکو پشکۆ گەرم دابێ و، بڵێ : بابێ... ئەم پێی بڵێ: نەخێر نابێ... نەخێر نابێ... موسوڵمانی ڕاستەقینە ئەبێ وابێ... وەك داربەڕوو باوەڕ لە دڵیا چەسپابێ... نەك ئەو کەسەی ساردوسڕ بێ... نەفسە ئەممارەکەی دڕ بێ... بۆ قسەی زل نەرمەبڕ بێ... بۆ کاری چاك ساردوسڕ بێ... شریتی تەمەنی بڕواو لە خەوی غەفڵەتا کڕ بێ...



وای ڕەمەزان چەند لالەزارێکی جوانی... کەمۆڵەی نوری قورئانی... روناکی، وەکو هەتاوی... ناسکی، وەکو بارانی... تۆ مێژوی فەتحی یارانی... ترس و بیمی نەیارانی... هەوارگەی چاکەکارانی... ژوانگەی تەوبەکارانی... ئێستاش هەر وەکو جارانی... سفرەو خوانی دەوڵەمەندو هەژارانی...

دەسا فەرموو : دەفتەری پڕ لە حیکمەتی خۆت واز بکەو... ئاهەنگی ئیمان ساز بکەو... بەم ڕۆحانە بەرەو ئاسمان پەرواز بکەو... ڕێگای بەرەو خوداچوونمان پڕ لە ڕازو نیاز بکە و... پەیوەندمان لە گەڵ یەکدا تەراز بکە...

دەسا فەرموو... ئەی ماهی نور... وەك پزیشکانی بێسنور خۆت بنوێنەو... دەردەداریـن هانا بێنەو... لە خەوێکی قوڵا ڕۆچوین هەڵمانسێنەو... بە نازەوە بماندوێنەو... تۆزی گوناح دایپۆشیوین بیتەکێنەو... پشکۆی ئیمان خۆڵەمێشی لێ نیشتووە وەیگەشێنەو... وەکو درەخت پەلی وشکەڵمان دابێنەو... بۆمان ببە بە ئاوێنەو... بە مشتێ ئاوی زەمزەمت تینوێتی ڕۆحمان بشکێنەو... لە سەر تەقوا ڕامانبێنە...

چونکە ئێمە هەرچەند گەورەین... وەکو منداڵ بۆ گوناح گڕوگاڵەکەین... هاوار، هاوار... خەزێنەکەی پاشا پڕە... کەچی ئێمە... لە دەرگای عەبدێکی گرگن ئەکڕوزێینەوەو سواڵەکەین... تاڵ و شیرینمان لێ گۆڕا... لەجێی هەنگوین مەیلی پەیکوڵی تاڵەکەین... لە جیاتی نانی بەهاروو ... حەز لە کولێرەی گاڵەکەین... ئەی ڕەمەزان کە تۆ ڕۆیشتی... زۆربەی زۆرمان، گۆزەی ئیمان بە نەزانی بەتاڵەکەین... بەفری سپیمان لێ باری... کەچی بۆ تەوبەی یەکجاری... هەر ئەمساڵەو ئەوساڵەکەین...

تۆ بێرەوەو... با ئێمەش پۆل پۆل بێینەوە... تا وەك لاولاو چۆن

لەگەڵ خۆری بەیانا دەکرێتەوە، بکرێینەوە... تا ئیستیغفار لە گەڵ سەبای سالْحانا بڵێینەوە... تا لە جێی بایی هەوایی، بۆ کڕنۆش بچەمێینەوە...

پێمـان بڵێ: بەهەشـت هەروا دەسـت ناکـەوێ... ڕەنجی ڕۆژو شـەوی دەوێ... بڵێ قەزای دینتان لە دنیاتـان کەوێ... پێمان بڵێ: بۆ وا سسـتن... بە شەرابی دنیا مەسـتن... وەك لەنوێژی کۆمەڵیدا رادەوەسـتن... لەگەڵ یەکدا وەك گوڵ قەتارە ببەستن... پێمان بڵێ: خێرا هەستن... تا ناو بەهەشت ڕامەوەستن...

بڵێ بە پیر: ئەی پیر ئامادەی بۆ سـەفەر؟... هاکا کفنی سـپیت پۆشی و لە ماڵی دنیا چویتە دەر...

بڵێ بە لاو: ئەی لاو سلاو... ڕاوچی نەفس نەتخاتە داو... نەکەویە دوای مۆدێـل و باو... بە ئامێـری ئەلیکترۆن نەکەویە ڕاو... ئیمان بکە بە دەسمایە... قیامەتی خۆت نەکەی زایە...

ڕەمەزان دۆسـتێ شـیرینی... تۆ سـۆزو میهرو ئەوینی... دەست بـە نێرگزو نەسـرینی... دێیت و هەمووما‌ن دەبینـی... ئاخۆ هەتا تـۆ دێیتەوە ئێمە مابین... یان مرابیـن... وەکو گەڵا بلەنجێین یان هەڵوەرابین... لەم شـارە نەقڵ کرابین... بۆ شارێکی تر برابین... لە ژورێکی تاکەکەسـی تەسك و تاریك دانرابین... بێ هاوسەرو بێ برا بین... بێ پەنجەرەو بێ چرا بین... بە بلۆك دەورە درابین...



دانە دانەی ئەم وشانە... وەك تۆوی گوڵ و ڕێحانە.. لە تۆوچێنی خامە ڕژان.. بەڕوی پەڕەکاندا پژان..

هەتا ڕواون... دەستەونزا بە فرمێسکی چاوەکانم ئاوم داون... کە پێگەیین... بە ناوی (هەنسك و هیوا) ناوم ناون...

وا چەپکێ گوڵی ئەم باخەم کردە دیاری... با لای یاران بمێنێ بۆ یادگاری... چەپکە گوڵێك عەتررێژ بێ و... سوورو سپی و زەردو ئاڵ بێ... بۆ ئاسمانی دڵتان سایەقەی ساماڵ بێ... شادی ناو سابات و ماڵ بێ... تا لەگەڵ گزنگی خۆری بەیانیانا خونچەکانی بکرێتەوە... پەڕەکانی بە لەنجەوە بەڕوتاندا بشنێتەوە...

